# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە ٦ - ٢٦ی ڕێبەندان ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

مریەم قازی
هیوا شاهیان
موحسین سوبحانی
هیوا بەیرام
شەرمین ساڵحی
شەماڵ ئەحمەددووژن
لەیلا خاکی
ناسر فەتحی
بیژەن ڕەحمانی
فەرهاد ساڵحی‌فەر

**تیۆری:**

مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

ڕزگار لوتفی
ڕەسووڵ ئاغاپوور

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٤...

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

**«سەربەخۆیی»**

ماوەی سەدساڵ بوو دەیهەویست بەردێکی گەورە لە کێوێکی بڵیند وەسەرخا; هەر دەیبردە سەرێ و دەکەوتەوە خوارێ. زیاتر لە پەنجا ساڵ بوو شێرەی نەوتی ماڵەکەی لەبەری دەڕۆیشتوو بۆی نەدەگیراوە. هەموو جارێ کە پێی وابوو ئەوە دوایین پێچی گرتنەوەی شێرەکەیە; مەمنا پێچەکەی هەرز ببو; کە توندی دەکرد; دیسان لە سەرڕا بەردەدراوە. لایەکی بیری لە گۆڕان دابوو و لایەکیشی ماندوویەتی و برسییەتی بڕستی لێ بڕیبوو.

مەلای جیرانی لەبەر خاتری شاهیدی مارە بە جاش بۆ شام بانگهێشتنی کرد. مەلای هەلپەرەست خوێیەکی زۆری بە چێشتەکەوە کردبوو. لە پەستا ئاوی دەخواردەوە. بێ ئێختیار لە سەر سفرە خەونووچکە بردییەوە.

لە خەو هەستا. بەیانی زوو شیلانگێکی لە شێرە نەوتەکە دا و ناردی بۆ ماڵە مەلا. بەردەکەشی لە سەر کێوەکەوە جاڕە داوە بۆ خوارێ. بیری گۆڕان بوو بە دۆڕان.

**بیژەن ڕەحمانی**



# «سەعات دوو و نیوە»

کاتێک مامۆستا خەریکی وتاربێژی دەبێ؛ گەنجێک کە دایکی ناردبووی باوکی لە مزگەوت بانگکاتەوە بۆ ماڵێ و، ناچار ببوو بۆ ماوەیەک گوێ بۆ قسەکانی ڕابگرێ، لێی هەڵدەستێتە سەرپێ و پێی دەڵێ: "مامۆستا ئەو قسە باشانەی دەیانکەی بۆچی بۆخۆت ڕەچاویان ناکەی؟"

مامۆستاش لە وەڵامدا دەڵێ: "ئەو قسە باشانە بۆ ئێوە باشن، نەک بۆ من؛ من بایی ئەوەندە ئەم سەرە دووپووت و نیوییەم بە بیرکردنەوە ڕەتاندووە، کە پێویستیم بەوە نەبێ کڵاوی بخەمە سەری."

گەنجەکەش دەڵێ: "جا مامۆستا بەو قسەیەتدا ناچارت کردم ڕازێکی خۆمت پێ بڵێم؛ ڕێگەم دەدەن؟ ها؟ ئەرێ!؟ دەی باشە؛ ماوەیەک لەوەپێش مردم تا توانیم بگەڕێمەوە سەردەمی منداڵیم. بەڵام هەرچۆنێکی بوو توانیم. بەتاقی تەنیا. خۆم ڕێگاکەیم دۆزییەوە. فوورموولەکەی بەکەس ناڵێم. بۆ ئەوانەی پێش من دەستیان بە فوورموولە تایبەتەکانی ژیانی خۆیان ڕاگەیشتبوو، پێیان دام؟ ڕێنوێنییان کردم؟ نا، بێگومان کەس هەر حیسابیشی بۆ نەدەکردم. بۆشیان گرنگ نەبوو کە لەوانەیە دواتر لەبەر ئەو شتانە تووشی گرێی دەروونی بم. بەهەرحاڵ توانیم، ڕێک گەڕامەوە بۆ تەمەنی دوو ساڵ و نیویم، ئەوکاتەی تازە خڕتۆڵە و گازانخۆش ببووم. سەعات دوو و نیو بوو. دوای ئەوەی تێر و پڕ خۆم ماچ کرد، هەڵبەت لەبەر ئاوێنە، موبایلەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و سێلفییەکی جوانم لەخۆم گرت. بەر لەوەی جادووی فوورموولەکەم لەکار بکەوێ، زوو گەڕامەوە ئێستا. جارێ دڵم نایە ئاوا بەخۆڕایی لە فەیسبووکدا بڵاوی بکەمەوە؛ هەتا بۆ مزگێنیی بڵاوکردنەوەکەی، لە ستاتووسێکدا، ژمارەی لایکەکانم لە دووهەزار و حەوسەت و هەژدە لایک تێپەڕ نەبێ، سلفییەکەم بڵاو ناکەمەوە."

مامۆستاش دەڵێ:

"سپێڵی ئەکاونتی فەیسبووکەکەتم بۆ بنووسە، دوایی بۆخۆم ئەدت بۆ دەنێرم."

سەعات هەشت و نیوە

ملیە کورتەکە لەسەر سەعات نۆیە و میلە درێژەکەش لەسەر سەعات دوازدەیە، بەڵام سەعات دوو و نیوە. سەعات یازدە و چل دەقەیە، بەڵام هێشتاش هەر سەعات دوو و نیوە. دەچم وێنیای کچم کە دووساڵ و نیوی تەمەنە، لە باخچەی ساوانیان دێنمەوە ماڵێ. سەعات ڕێک دوو و نیوە؛ دەڵێم: "وێنیا گیان ئیدی ئەمجارە بەڕاستی سەعات دوو و نیوە، هەستە وەختی خەوە!" وێنیاش دەڵێ: نا بابە، سەعات دووووو و، نیوە!!!

سەعات سێ و نیوە

بێ هیوا لە ڕازیکردنی وێنیا لەبابەت خەواندنی؛ خەریکی خۆ خافڵاندن بە فەیسبووکەکەمەوە بووم، کە بینیم مامۆستا ئەدی بۆ ناردووم.

سەعات چوار و نیوە

وێنیا هاتووە لەبەرم دەپاڕێتەوە کە بیبەم بیخەوێنم و، زوو زوو دەڵێ: بابە! بابە! بابە سەعات دوو و نیوە!

**ناسر فەتحی**



## «شەخسە پەڕۆ»

ئەوەی کە شەوێک بە سوودفە دوای چەند ساڵ بگەڕێیەوە شوێنی لە دایک بوونت و لە کوێرە دێیەک بمێنیەوە کە تەنانەت هێڵی نێتیش بە باشی کار ناکا و لە جیاتی ئەوەی کە وەک عادەتی هەمیشەییت سەرت لە ناو گوشی موبایلەکەت دابێ خەریکی دەور کردنەوەی بیرەوەریەکانت بێ، جیا لە چێژ و نۆستالۆژی لەوانەیە ببێتە هۆی بیر کردنەوەی زیاترت لە مەڕ شێوەی ڕوانینت بەسەر ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتووش تەنانەت!

لە ناو ئاڵبوومە کۆنەکەی ماڵی خاڵم دا وێنەیەکی خۆم دیتەوە کە تەمەنی ئەم وێنەیە ڕەنگە تەنیا چەند ساڵ لە تەمەنی خۆم کەمتر بێت ئەوەی کە سەرەنجی ڕاکێشام ئەو پەڕۆ سەوزەبوو کە مەچەکی دەستی چەپم بەسترابوو، هەڵبەت من ئەو پەڕۆیەم جوان لەبیرە و تا ساڵانێکی زۆر هەر بە دەستمەوە بوو بۆ چوونە حەمام و ئاودەست چوون و کاتی خەو ئیدی ئەم پەڕۆیە وەک بەشێک لە جەستەم هەمیشە لە گەڵ مندا بووە..

ئەم دکتۆرە فیلیپینیە کە بە دکتۆرە ڕەشە ناویان دەبرد لەوانەیە بێکارترین دکتۆری سەر زەوی بووبێ هەڵبەت بە ڕای من ، نەک لەبەر ئەوەی لەم دێیە دا کەس نەخۆش نەبێ نا! ڕەقیبێکی بە هێزی هەبوو کە ئەگەر بمانهەوێ بە زمانی ئەمرۆیی بەراوردی بکەین لە چاو ئەو فەوقی تەخەسووسی هەموو نەخۆشیەک بوو چ جەستەیی چ ڕووحی و دەروونی! دکتۆرێک کە لە واقیعدا بوونی نەبوو و پێک هاتبوو لە دارە بەنێکی پیر و کەڵەکە بەردێک کە بەدەوریدا کیشرابوو!

نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین کە من گەرمازەدە ببووم و بە تاوو لەرز هێڵنجمدەهاتێ و تەواوی جەستەم دەلەرزی دەستبەجێ ژنانی گەڕەک لە ماڵەکەمان لە دەوری سەرم کۆ بوونەوە و ..

" تاوێ بردووە نا نا کچێ ترساوە کوورەکەی خەجە بێوەژنێش وابوو شەیاتینان دەستیان لێداوە! نا کونە چاوی زەرد بوون ڕەنگە زەردوویی گرتبێ دەبێ سوورێژەی لێنەهاتبن؟ "

وەک سیپاڵێکی هەڵپازنەراوم لێهاتبوو لە ئارەقەی تاوو و لەرزەکەمدا دەتکووت جەرگ و دڵم خەریکە لە گەرووم ڕا دێنە دەر بێدەسەڵات وەک ماری سڕ بوو لە ناو جێگایەکەمدا تەنیا چاوم زەق بڕیبوونە بن میچەکە و هەموو ئەو قسانە بە مێشکمدا دەهاتن تا ئەوەی کە جلە کانیان لە بەر داکەندم و بۆیان لە توونگە دۆیەک کە شەوێک لە بەر تاو بە قسەی خۆیان کردبوویانە دۆی شەوی هەڵکێشا و

دواییش هەر وا بە تەڕی لەبەریان کردمەوە و باوەشێکیان گەڵا بی لە جەستەم پێچا و بەرماڵێکیان پێدادام !

بە بۆنی ترشاوی دۆی ناو جلەکانم کە لە گەڵ گەڵا بیەکان تێکەڵ ببوو هێندەی تر دڵم دەشێوا و لە گەڵ تاوو لەرزەکەدا پشت پێڵوەکانم وەک پۆلووی ناو ئاگر بە چاومدا دەتوانەوە و دەچوومە ناو خەونێکی ئاڵۆز کە تەواوی جڕ و جانەوەر شەیاتینی تا ئێستا نەدیتوو لە دەورم دەهاڵان، سەرەتا خاڵێکی ڕەشی گەورە بووم کە لە گەڵ هەر چنگ لێدانیاندا بەشێکم دەڕۆیشت و ڕام دەکرد دواتر پۆلێکی دی لە لایەکی دیکەوە هێرشیان دەکردە سەرم و پارچەیەکی تریان دەپچڕیم تا ئەو جێگایەی کە بە قەد دەنکە نۆکێکم لێدەمایەوە و هەوڵمدەدا بە ناو عەرزدا ڕۆ چم و لە دەستیان ڕزگارم بێ لە کۆتایشدا ئەوەی کە لە هەموویان دڕندە تر بوو پێیەکی بەسەردا دەدام و پڵچ و پانی دەکردمەوە و بە دەنگی زریکاندی خۆم لە خەو ڕادەچەنیم و گەڵا بیەکانم فڕێدەدا ..

"بسمیلا بسمیلا هیچ نیە ڕۆڵە ئەوەی کە میزم بە خۆمدا کردبوو یا نا بۆم لێکنەدەدرایەوە چونکە جلەکانم هێشتاش بە دۆی شەوی تەڕیان هەرمابوو مەلا سەعید بە دەزبیحە قەزوانیەکی دەستیەوە لە ژێر لێویەوە شتێکی دەبزڕکاند و فووی بە سەر و گوێلاکی مندا دەکرد دوایش کوتە قاقەزێکی سێ گۆشەی لە پەڕۆیەک پێچا و لە جامە ئاوێکی هەڵکیشا و کەمێکیان دەرخوارد دام و دواتر دەستیان لە ئاوەکە هەڵکێشام لە گیرفانی کەواکەی پەڕۆیەکی سەوزی دەرێنە و تیتۆڵێکی لێ دادڕی و لە مەچەکی دەستی چەپی بەستم!

مەلا سەعید ڕووی کردە دایکم "تەشتێک کولێرە بۆ ئەسحابەی بەری مێرگان بکە بە خێر و کوڕەکەت ببە لە کۆشی ئەسحابەی هاوێ ئیشاڵا خوای شیفای بە ڕەحمەتی بۆ دەنێری..

زۆربەی هاواڵەکانم تەنانەت زۆریک لە گەورەکانیش هاوشێوەی ئەم پەڕۆ سەوزەی منیان لە دەست بەسترابوو یان لانی کەم لە سووچێکی شانیان بە درزیلە کوتە پەڕۆیەکی لێدرابوو ئەو پەڕۆیە زۆر کاری دەکردن بۆ وێنە ئێوارانە کاتی تاریکان کە لە کایە کردن دەهاتینەوە لە ناو کۆڵانە تەنگە بەرەکاندا لە شەیاتینی دەپاراستین ، پێش لێپرسینەوەی وانەی قووتابخانە بە ماچ کردن و لە دەم و چاو خشاندمان سەرکەوتووی دەکردین ، یان کاتی تۆپبارانەکانی شەڕ دەیپاراستین لە ناو پەناگا و ئەشکەوتەکاندا ! و زۆر شتی تریش..

شەوانە کە لەسەر بان دەخەوتم پێش نووستن چاوم لە ئەستێرەکان دەبڕی و زۆر جار بە خەیاڵ تا نزیکیان دەچووم بەڵام زۆربەی شەوانیش چاوم لە ئاسمانی سەر سەری ئەسحابەی بەری میرگان دەکرد

وەبیر قسەکانی ناو قاوەخانە دەکەوتمەوە " باپیرم بە ڕەحمەت بێ گێڕاویەتەوە بە چاوی خۆی نووری سەوزی لەسەر ئەسحابە دیوە بەری بەیانیەک ، دەڵێن زەمانی عەرووسان( مەبەست ئەرتەشی ڕوسیایە کە کاتی خۆی لە ناوچەی کووردەواریدا بە عەرووس ناویان دەبردن) سەربازێک تەقەی لە مەرقەدی ئەسحابەی کردووە ڕۆژێک نەگووزەراوە فێدار بووە و دوایش دەست و پێی بە قوونێوە ڕوواون!

بە ترسێکەوە لێوم دەگەزم و شاڵە سەوزەکەی دەستم ماچ دەکەم چاوم هەر لەسەر ئەسحابەکەیە دەبێ نووری لەسەر هەڵبێ؟ بڵێی منیش بیبینم؟ "

یەکەم جار کە دکتۆرە ڕەشەم بینی بۆ دەرمانکردنی سەرم بوو کە بە هۆی بەربوونەوەم شکابوو ئەوە یەکەم جار بوو کە نە ئەسحابەکەی بەری مێرگان نە پەڕۆ سەوزەکەی سەر مەچەکم نەیانتوانی بمپارێزن یان دوای شکانی سەرم خوینەکەم ڕاوەستێنن ! دکتۆر بەو پێیەی کە ساڵانێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردەواریدا ژیابوو زۆر جوان بە زمانی خۆمان قسەی دەکرد ئەوەی کە سەرنج ڕاکێش بوو ئەو بینایەی کە وەک دەرمانگا درووست کرابوو تا ڕادەیەک نزیکی ئەسحابە کە بوو وەک دوو دووکانی ڕەقیبم دەهاتنە پێش چاوان کە یەکیان زۆر ڕمێنی هەیە و ئەوی تریشیان لە بێ بازاڕی خاوەنەکەی خەریکی مێش لە خۆ دەرکردنە، من برینەکەم زوو چاک بۆوە و ئەو ڕۆژەی کە بۆ دەرهێنانەوەی تەقەڵەکانی برینەکەم چوومەوە دەرمانگا حەزم دەکرد زۆر پرسیار لە دکتۆرە ڕەشە بکەم بەڵام نەمکردن!

ئەوەی کە پیرێژنێک بە هۆی ژانی پشتیەوە تەشتێک کولێرە بۆ ئەسحابەکە بکاتە خێر تا ژانی نەمێنی! یان کوڕ و کچە حازەبەکان بەردووچکەیەک بە کێلی سەر قەبری ئەسحابەکەوە بخشکێنن تا بەشکوو پێیوەنووسێ و مرادی ناو دڵیان حاسڵ ببێ! یان شێتێک بە دەست و پێوەندەوە ببەن و لە داری ئەسحابەی ببەستن تا بەشکەم جندووکە و شەیاتینی لێ دوور ببنەوە! یان ئەو ژنە نەزۆکانەی بە هیوای منداڵ بوون لە گلی سەر گۆڕی ئەسحابەیان دەخواردوو و دوایی چەند مانگ هاتوو و چۆی دکتۆر و دەوا و دەرمان کە منداڵیان دەبوو لە خێر و کەراماتی ئەو دار و کەڵەکەبەردەی بە دەوریدا کێشرابوویان دەزانی! ئەوانە و هەزار شتی هاوشێوە لە زەینمدا ، ئەو ڕۆژە هەموو ئەم پرسیارانە وەک گرێ کوێرەیەک بوون کە حەزم دەکرد کەسێک بیانکاتەوە بۆم جوان لە بیرمە کە دکتۆرە ڕەشە تەقەڵەکانی دەردەهێنام چاوێکیشی هەر لەسەر شاڵە سەوزەکەی دەستم بوو لەوانەیە هاوشێوەی ئەو پرسیارانەی من ئەویش کۆمەڵێک پرسیار لە زەینیدا بووبن کە تا ئێستا لە کەسی نەپرسیوون..

بە گوشی موبایلەکەم وێنەیەکم لەم وێنەی کۆنەی خۆم کێشا و ئاڵبوومەکەم وێکنا، ئەرێ خاڵە ئێستاش خەڵک دەچنە زیارەتی ئەسحابەی بەری مێرگان؟

خاڵم زمانێکی بە سەر لێواری پەڕە سیغارەکەیدا هێنا و ختیە ناو دار سیگارەکەی " ئەسحابەکە بە جەعل دەرچوو ! دوو ساڵ لەمەو بەر شەوێک چەند کەسی نەناسراو دەچن گۆڕی ناو ئەسحابەکە هەڵدەقەننەوە و گوایە گۆزەیەکی پڕ لە لیرەی زەمانی عووسمانیان تێدا دیتۆتەوە و بردوویانە بەڵام خەڵک هەر دەچنە سەر زیارەتی و وەک پێشوو شوێنێکی پیرۆزە! "

لقێکی دارە بەنەکەم شۆڕ کردەوە و چەند هێشووم قەزوانی تازە لێکردنەوە بۆ مەزە بیێ دڵە ڕاوکێی ئەوەی کە دەست و پێم بە قوونێوە بڕوێن پاڵم وە دیواری دەوری ئەسحابەکەدا و بیرم لەو هەموو لیرە قەدیمیانە دەکردەوە کە ئەو کەسەی کە دیتوونیەوە زۆرێک لە مرادەکانی حاسڵ بوون لەگەڵ گەرم بوونی سەرم جار جارەش کزە بایەکی فێنک دەهات و پەڕۆ سەوزەکانی ناو ئەسحابەکە دەلەرانەوە..

**فەرهاد ساڵحیفەر**



## «سۆنە بەڕۆنە»

لاپەرەکان لە سەر کورسیەک داندرابوون و لە ســـەر هەر لاپەرە بە میـدادرەنگی نەققاشــیەک کێشــرابۆوە. لە ســەر ئەو لاپەڕانە سـۆنە بە ڕۆنەی خنجیلانە دەژیا، ســـۆنە ی خنجیلانە لە گەڵ میـدادەکـان ببونە هاوڕێ.

میدادرەنگی شین، ئاوی دە هێنا

میدادرەنگی سەوز، خواردنی بۆ دێنا

کاتێ میدادێک بە هەڵە لە سەر لاپەرەێک دەخشا سۆنە بە خششە خشی باڵەکان هەڵەکەی دەسرێوە و بەم جۆرە یارمەتی یکدریان دەدا. سۆنە و هاورێیەکانی زۆر جار چاویان لە خوارەوەی کورسیەکە دەکرد و پێیان جیهانیەکی سەیرو سەمەر بوو.

رۆژێک سۆنە بە ڕۆنە خەریکی سرینەوەی بوو؛ سەتڵە ئاوێک بۆ ئابرەنگ لە بن کورسیەکە دەبینی؛ دەی هەوێ تاقی کاتەوە، بەڵام هاورێیەکانی ناهێڵن، سۆنە جوابیان ناداتەوە باڵەکانی لێک دەکاتەوە، هەڵدەفڕێ دەکەوێتە نێو ستڵەکەی، لە خۆشیان دەی کاتە شڵپە شڵپ و دێتوو دەچێ.

سۆنە کوا کوای کرد

لەو لای بەو لای هەرای کرد:

"من تێر نابم لە ئاوێ

لە شڵپەی نێو چلکاوێ

ئەو ئاوە لە راستیە

هیی میدادان قەستیە

هەڵناچم لە سێ پایە

سەبرم لەکنەنگۆ نایە

سرینەوەم نیە لە خوارێ

خواحافیزتان بێ جارێ

ئیدی لەوەێواوە سۆنە خنجیلانە ی چکوولە لە سەر لاپەرە نەققاشیەکانی ئابرەنگ ژیا و بە بوونی ئەو هەمۆ ئاوە زۆر خۆشحال بوو.

**لەیلا خاکی**



# «زیندە خەون»

لە ناو جێگاکەمدا هەر بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، نازانم بۆ خۆفم دەکرد لەو دوو حەوتووەی کە لە مردنی باپیرەی دەگوزەرا هەر باسی شتی سەیر و سەمەرەی بۆ دەکردم ،ناخافڵ ترسێکم لەسەر نیشتبوو هەستام گڵۆپی دیوەکەم هەڵکردوو جارێکیتر سەیری وێنەکەم کردەوە،مارێکی ئەستووری شاخدارکە کۆمەڵێک ماری بچووکتر لە دەوری هاڵابوون لە ژێر وێنەکەش چەند ژمارە و هێما کە من سەرم لێیاندەرنەدەچوولەگەڵ ئەوەش قسەکانی لە گوێمدا دەزرینگانەوە...

"باپیرەم مارگر بوو لە تەواوی ژیانیدا من بیرم نایە نەخۆش بووبێ دوای مردنی دایە گەورەشم هەر بەتەنیا دەژیا،هەمیشەش لە ماڵەکەیدا چەند ماری هەبوو ئێمە لە ماڵەوە ڕۆنی مار زۆر بەکار دێنین دایکم دەڵێ بۆ ئازاری پشت و لاقەکانم زۆر باشە، تۆ سەرنجت داوە لۆگۆی دەرمانخانە و نەخۆشخانەکان هەموویان وێنەی ماریان تێدایە؟ باپیرەم هەمیشە دەیگووت وزەیەکی نهێنی لەو مارانە وەردەگرم کە تەمەنی گەیشتە نەوەد ساڵ من خەریکبوو بەو قەناعەتە دەگەیشتم کە لەوانەیە قەت نەمری"

هەر لەناو جێگاکەمدا جینگڵمدەدا نەمزانی کەی خەوم لێکەوتووە کە بە زرەی تەلەفۆنەکە ڕاپەڕیم بەو پێیەی کە ئەمڕۆ پشوو بوو من چاوەڕوانی زەنگی موبایلەکەم نەدەکرد. پەشۆکاوی لە پشت تەلەفۆنەکە ڕا تەواو بە دەنگیەوە دیار بوو،"باپیرەم نەمردووە من دڵنیام دوێ شەو هاتە خەونم " بە پێکەنینەوە گووتم توو دینت واز بێنە لەم قسانە وچیتر مێشکێ خۆت و خۆم ئاڵۆز مەکە "بەڕاستیمە ئەوەی من دیتم خەون نەبوو..." دەی من چیبکەم؟ "کلیلەکانی ماڵی باپیرەم هەیە دەبێ یارمەتیم بدەی بە یەکەوە بچین ژوورێکی نهێنی هەیە لە ژێرخانی ماڵەکەیدا چاولێکە بە تەلەفۆن ناکرێ تا نیووکاتژمێری دی خۆت ساز کە دێم بە شوێنتدا"

بە پلیکانەکاندا چووینە خوار ژوورێکی تاریک و شێدار کە بەو تەپ و تۆزەی لەسە شتەکان نیشتبوو دیار بوو دەمێکە کەس نەهاتۆتە ئێرە، بە دڵەڕاوکێوە سەیری یەکترمان دەکرد من وام نیشاندەدا کە هەموو شتێک ئاساییە ئەو بە پێچەوانە ترس بە ڕووخساریەوە دیار بوو، لە سووچێکی دیوەکەدا بووخچەیەکی پڕ لە کتێبەکۆن سەرنجی ڕاکێشام ، 'مەفاتیحوولجنان ' سەرێکم ڕاوەشاند تۆ بە دوای چیدا دەگەڕێی؟ "نەقشەی گەنج، حەز ناکەی دەوڵەمەند بین" چیە فیلمی تەخەیولی زۆر دەبینی؟ " قاقایەکی کێشا... وەرە سەری ئەم سندووقەم لەگەڵ بکەوە.."

بە حاڵەحاڵ هەناسەم دەکیشا مارێکی ئەستوور لە جەستەم هاڵابوو بە شێوەیەک وەک تەواوی لەشم بە گوریسێک تەتەر پێچکرابێ نەمدەتوانی خۆم ببزێوم بە پێچەوانەی ئەستووری و درێژی مارەکە ترسێنەر نەبوو جووتێک چاوی ڕەنگ هەنگوینی کە هەر جارەی لێمدەڕوانین ئاسوودەیەک بە دڵمدا دەهات لە تەواوی لەشم هاڵابوو هەستم دەکرد لە ناو دەریایەک لە ئاوریشمدام لەگەڵ هەر هەناسەی مارەکەدا تەزوویەک بە لەشمدا دەهات و ئاڕەقەیەکی سارد بە لاجانگمەوە قەتیس دەما ! من پێشتریش لە مار دەترسام بەڵام ئەم مارە جیاواز بوو زمانێکی پان و درێژ کە ئەوەندە بە جەستەمیدا هێنابوو هەستم دەکرد جلەکانی بەرم لە ڕۆن هەڵکێشراون، بۆ چەند ساتێک بێ هیچ کردارێک نە لە لایەن ئەو نە منیش تەنیا چاومان بڕیبۆ یەکتر لەناکاو زەختم بۆ هات و ویستم بقیژێنم بەڵام ڕووناکایەکی سەوز ڕەنگ هەڵیلووشیم و بە خێرایەکی لە ڕادەبەدەر هەڵسووڕام وەک ئەوەی لەناو ئامێرێکی کارەباییدام دواتر وەک تۆپێکی خڕم لێهات کە لە ناو دیوەکەدا لە دەرکە و دیوار دەدرام و هەڵدەبزیمەوە ! لە سووچێکی دیوەکەم مارەکە کە نیوەی جەستەی ببوو بە مرۆڤ بە کلکی لێی ڕادەکیشام و چەند ژوومارەی لە دەم خۆیەوە دەکوتنەوە لە لایەک ببوومە تۆپێکی خڕ و شەپ شەپێنم پێدەکرا لە لایەکی دیکەش وەک ئیستام تەواوی ئەو دیمەنانەم دەدیتن و ببێ هیچ دەسەڵاتێک تەماشاوانی ئەم یاریە بووم منیش ببوومە دوو کەس! لە پڕ دەستم درێژ کرد بۆ لای مارەکە بەڵام کە دەستم نزیکی دەبوو بچووک دەبۆوە و من زیاتر دەستم درێژ دەکرد تا ئەوەی کە بە ڕمبەی خۆم لە خەو ڕاپەڕیم کە لەسەر تەختەکەم بەربوومەوە! تەواوی گیانم ئارەقە بوو خۆم گەیاندە کلیلی گڵۆپەکە و هەڵم کرد دڵم ئەوەندە توند لێیدەدا کە دەتکوت ئێستا لە سینگم دێتە دەر... لەسەر گڵکۆی باپیرەی پاڵی وەکێلەکەی دابوو"باپیرەم جارێک بۆی دەگێڕامەوە کاتی خۆی کە نادر شای ئەفشار هێرشی کردووە بۆ هیندوستان لە کاتی گرتنی مەعبدێک دیتوویانە دە هەزار ماری ئەفعی پاسەوانی لەم مەعبەدە دەکەن! دەزانی ئەو زۆر شتی لە بارەی مارەکانەوە دەزانی دەیگووت مرۆڤ کە دەمرێ تەنیا جەستەی دەکووژێتەوە و ڕووحی دواتر بە شێوەیەکی دی دێتەوە سەر دنیا جا یان لە جەستەی مرۆڤێکی دی یانیش لە جەستەی هەر بوونەوەرێکدا لەوانەیە ماریش! بە ڕای تو ئێستا باپیرەم ئاگای لە هەست و خووستی ئێمە هەیە؟"

لە چاوە ڕەنگ هەنگوینیەکانی ورد دەبوومەوە و بیرم لە پرسیارەکانی دەکردەوە باپیرەی تۆ ئەوە ساڵێکە مردووە و تەواو وەک هەموو ئەو مرۆڤانەی کە دەمرن و دەکووژێنەوە لە خەیاڵی ئەو مارو شتانەش وەرە دەر تکایە...

**فەرهاد ساڵحیفەر**

## «دانیشتوانی شاری ئەڕواح»

لە بیرتە جارێک لێت پرسیم خەڵکی کوێی؟ کوتم دانیشتووی شاری ئەرواحم، چەندە بە من پێکەنی، دەی ئێستا دەڵێی چی؟ لەبیرتە هیچ رۆژێکمان بە بێ سەربڕینی ئەو کۆترە جوانانەی چڵێکیان زەیتوون بە دمێوە بەسەر چووبێ؟ لەبیرتە هیچ رۆژێکمان بە بێ کرانەوەی ئەتڵەسییە نەخۆشە زردەکان دەستی پێکردبێ؟ یان ئەم کرمە رزیوانەی لە جەرگ و هەناومان جێیان خۆش کردووە؟ لەبیرمە جارێک بەیەکەوە نیچەمان خوێندەوە کە لە سەدەی پێشوودا هەموو ئەوانەی پێشبینی کردبوو، ئەودەمیش هەر پێی پێکەنی و کوتت ئەو کابرایە شێت و ماخولیایە ناتوانێ شتی چاک بڵێ!

ئاااااخ...تۆ بە خەوی شاری گوڵە سوێسنەکانەوە هەڵگەڕای و هیچکات هاوشینی من نەبووی تابزانی چۆن هیچ تەرازوویەک نەبوو بە ئامێری دادوەری و لە کاتی هەڵ بوونی هەموو چرا سوورەکان پێیان بە گازێوە ناو و لە کاتی چرا سەوزەکان راوەستان. کوندەکان ئاوازی وێرانەکانییان ئەچڕێوە و هەموو شەوێک تەواوی ئەڕواحی ئەم بێتاوانانەی قەت هیچ دەورێکیان لە هیچ شتێکدا نەبوو بەسەر پەردەکان و دار و دیواری شاردا ئەلەرێنەوە تا خەوی هەموو تاوانباران بە تاڵان بەرن. من زۆر دەگریم لە کاتی وادا و زیاتر دەگریم کاتێک دەبینم زۆربەی ئەو سکاڵاچیانە ئەو گوڵانەن کە هێشتا بە تەواوی نەپشکووتن.

من ئێستا دانیشتووی شاری ئەڕواحم ، خەونی ئەو فڕۆکانەی هەموو شەوێک بێستانەکان بە شین بوونی جەنازەکان وەبەردێنن هێندە دووپاتە بۆتەوە کە ئیتر خەون نین، یانی نازانم ئەوانن دێنە خەونی منەوە یان ئەمنم دەچمە خەوی ئەوان بەڵام ئەوە هیچ گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە تەنیا لە یەکێک لە خەونەکانمدا کە پازدە شەو و رۆژی پێچوو هەشت سەد گوڵم ناشت و هەزارانم سارێژ کرد، ئەتۆش لەوێ بووی لەبیرتە گوللەیەک لە لای راستی رانت کۆناودیوی کردبووی وا بۆ پڵیتە کێشانی من ڕاوەستابووی دەتکوت خەریکم ئەندازەی لیباسی بووکێنیت پێدەگرم، سەرو پرچت بە شووڵێکی تەڕی شیلان هێندە جوان هوندبۆوە کە دەمکوت ئەوە شاکاری تابڵۆیەکی بێوێنەیە کە کەڵکەڵەی کێبەرکێی نیە، کوتە کاغەزێکت پێبوو کەلەودا رووداوی خەونەکانی من شەرمەزار کرابوو، ئەتۆ بەتەوسەوە دەتگوت: تەنیا شەرمەزار! ئەوانەی خۆیان پێ هەواڵنێری ئاشتییە! من ئیتر عەشق ناناسم، جوانی شک نابەم بەم ئاژیرانەوە حاسییەم کە بۆ میوانداری فڕۆکەکان گوێم لێدەبێ. تۆ باوەڕ بە من

ناکەی من کە پڕمەترسیترین قۆناخی ژیانم تێپەڕاندووە ئەویش کۆتایی شەڕ بوو، ئادی پڕمەترسی بوو چونکە لەورۆژە هیچکات نەژیام، لەو رۆژەوە کە لاولاوی بەژنی تۆیان ونجڕ بە ونجڕ دەکرد... و دایکم لە کۆڕی دەروێشەکاندا جەزم دەبوو، بۆ تۆ بۆ براکەم، بۆ براکەی دیکەم، بۆ من و دیسانیش بۆ تۆ... ئاگات لێیە قسەی ئەو کابرا شێتە چۆن وەدی هات؟ بەشەر دەبێتە وەحشیترین بوونەوەری سەر زەوی؟ کارم بەو کابرا شێتەشەوە نەما، چی لەو پیرێژنە زیاتر بوو کە بە رووتی بە چلەی زستاندەگەڕا و بە لاڵەپەتە چیرۆکی کوژرانی گوڵە بەرۆژەکانی بە هەموو کۆڵانەکانی شاری ئەڕواحدا دەگێڕا؟ نانا تازە مردوو یان زیندووی ئێمە هیچ جیاوازێکی نیە ، تۆ! ئادی تۆ! تۆ تەنیا دیاردەی جیاوازی ئەم جیهانە شێواوەی منی کە نازانم لە کوێدا جێت بو بکەمە؟!

**مریەم قازی**



## «پەردەی بەختەوەری!»

کەرێک و قەلەڕەشێک پێکەوە ڕەفیق بوون، و لە مێژیش بوو کە هاوکاری یەک بوون. چون کەرەکە زۆر زانا، تێگەیشتوو و خوێندەوار بوو، قەلەکە ئەگەر پرسیار و شتی هەبا لەوی دەکرد. دوای ماوەیەک کە نێوانیان لە گەڵ یەکتر زۆر خۆش بوو و یەکتریان بە باشی ناسی، قەراریان دانا کە ڕۆژی هەینی بچنە دەرێ بۆ گەشت و سەیران.

بەیانی زوو هەر یەک لە ماڵی خۆیان وەدەرکەوتن و لەو جێگای وا بڕیار بوو، بە یەک گەیشتن و دوو بە دوو بەڕێ کەوتن. هەر وا کە دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد کەرەکە وتی: وەڵڵاهی من لە مێژە پێم خۆشە بێمە دەرێ و بگەڕێم، بەڵام بە ناشکوری نەبێ بە خۆم کە بە تەنیام و کەسێکی واش نەبوو کە بتوانم لە گەڵی بچم. زۆر خۆشحاڵم کە ئێستا تۆ هەی و دەتوانم لە گەڵت دەر و دەشت بکەم.

قەلە ڕەشەکە وتی: ئەرێ شتێکت لێ پرسم ناڕەحەت نابی؟

- نا، ڕاحەت بە.

- ئەتۆ کە ماشەڵڵا کەرێکی جوان، خوێندەوار و ژیری، ئەرێ بۆ تا ئێستا شووت نەکردوە تا خۆت لەم تەنیایە ڕزگار کەی؟

کەرەکە ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: ئەو دەم من چکۆلە بووم و لە مەزرا خەریکی کایە بووم، کە لە پڕدا دیتم پیاوێکی زەلام هاتوو بە زۆر ئەو کارەی لە گەڵ کردم و بوو بە باعیسی ئەوەی من بێکر بوونی خۆم لە دەس بدەم، و تا ئێستاش لە گەڵ هەر کەرێک کە ئاشنا دەبم دوایی ماوەیەک کە پێی دەڵێم من وام بەسەر هاتووە، بێ ئەوەی گوێ لە قسەکانم ڕاگرێ و بزانێ دەڵێم چی، دەڕوا و بەجێم دێڵێ.

ئێستاش دەر و جیرانەکان پێم دەڵێن کەرە تورشاو!

زۆر جار لە بەر کارێک کە خەتای تۆ نەبووە مەحکومت دەکەن.

ئەوەش چیرۆکی ژیانی من بوو

- قەڵەڕەشەکەش زۆر ناڕەحەت و غەمبار دەبێ و دەست دەکا بە گریان.

ماوەیەکی زۆر ڕۆشتن و هیچ شتێکیان نەوت تا ئەوەیکە ڕێوییەکیان لێ پەیدا بوو، دوای سڵاو و چاک و خۆشی، ڕێوی پرسی ئەرێ ئەوە بۆ کوێ دەچن؟ کەرەکەش وتی وەڵڵاهی مام ڕێوی ئەوە ئەورۆ تەحتیلەو هاتووین بۆ گەشت و سەیران.

ـ دەی یاخوا بەخێرێن ماڵی ئێمە ئا لەو لای دارانەیە وەرن با بچینە ژووریٚ شتێک بخۆین.

بە هەر حاڵ دوای خولڵکێکی زۆر کەرەکە و قەلەڕەشەکە بوون بە میوانی مام ڕێوی. نەهاریان خوارد و ئیستراحەتی خۆیان کرد و وردە، وردە بەڕێ کەوتن بەرەو ماڵێ و قەلەڕەشەکەش ئەو چیرۆکەی بۆ کەس نەگێڕاوە!

**هیوا شاهیان**



## «سێبەرەکان لە پاییز دا، بزر دەبن»

لە خەونی دا, لە زستانێکی سەخڵەت دا, منداڵێک لە قەڵاغ دا لە دایک دەبێ; لە بەهارێکی تەڕەساڵ دا گەورە دەبێ و لە هاوینێکی بێ دەغڵ و دان دا دەچێتە زانکۆ و لە پاییزێکی ویشکەساڵ دا ئەفتاوەیەک بە دەستەوە دەچێ بۆ مەبال!

خوێندکارەکان فێری تەمبەڵی ببوون. هەمیشە بە جێی ئینشا پێیان خۆش بوو; ئیملا بنوسن. لە وەتا ئەو مامۆستا ریشییەیان بۆ هاتبوو; حەفتەی پێنج جار ئیملای پێ دەگوتن!

مامۆستای پێشوویان, بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستا; هەموو ڕۆژێ ریش و سمێڵەکەی شەش تیغ دەکرد; دوای حەمام و بەرچایی سەری سەعات لە سەر کلاس حازر دەبوو. منداڵەکانی بەر لە هەموو شتێک فێری بیر کردنەوەو پرسیار دەکرد; زۆریشی بایەخ بە نووسینی ئینشا دەدا. دەیکوت; منداڵەکان! یەکێک لە گرینگ ترین وشەگەلێک کە لە گۆڕەپانی پڕ هەنگەمەی ژیان دا دەبێ فێری بن: وشەی "نا"یە. "نا" گوتن ئەو وڵامە بە کەڵکەیە کە دەبێ هەموو مرۆڤێک لە هەموو قۆناخەکانی ژیانی دا, بێ شەرمەحوزووری و ترس, توانایی دەربڕینی هەبێ!

ساڵگارێک خوێندکارەکان بە وانەکانی مەیلەو ئیملای مامۆستایانی ڕیشی وەنەوزیان دا.

لە کاتی هەڵبژاردن دا, دیتی تەواوی هاوپۆلەکانی وەک بیبیجان بە دەست کابرای ئەفتاوەبەدەستەوە هەڵدەبەزن. نەیان وێرا بە گەلاڵەی خەیانەت, بڵێن نا. ئەویش بە تاوانی "نا گوتن" پەڕیوەی هەندەران بوو!

**بیژەن ڕەحمانی**



## «ڕنووی ڕەش»

مـن لەم کوێسـتانە دوو ڕووە تێنـاگەم! بـۆ خـۆی بە سـەرما چـاوم سـەنگین دەکـا و پـاڵم پێـوە دەنـێ بەرەو مەرگ، کەچـی بە نێوچاوانمـدا وەک ژیـانم ڕابچڵەکێنـێ کلـو کلـو تێمـدەگرێ. بەفـر و تەمتوومـانی ئەم کوێسـتانە سـنووری دنیـا و بینـایی لـێ کـــردووم بە یەک هەنگـــاوی بەرپـــێم. سەرماکەشـــی ئـــارەقەی ناوشـــان و ژێرکـۆڵەکەمی تەواو تەواو گوشـیوە! نە دەنگـم دەنگـێکە هەڵـێ و نە هـاژەی بـاش دەهێڵێ بێجگە لە گوێچکەی خۆم شوێنێکی دی بئەنگێوێ.

مـن لەم کوێسـتانە تێنـاگەم! نەفەسـم پـێ دەبـڕێ و هەنگاوەکـانم شـل دەکـا! دەوەسـتم. کـۆڵەکەم دەخەمە سـەر ئەو گـابەردەی کە گەورەتـرە لەوەی بەفـری ئێـرە پـڕ بە بەری بێـت و هێشـتا سـووچێکی بە دەرەوەیە. دەوەسـتم و دەڕوانـمە بـاڵای ئەو چیـایە کە وەک سـواڵکەرێک چەن کونێـک بـۆتە باڵاپۆشـەکەی و دەیەوێ تـۆڵەی هەژاری لەو کۆڵبەرانە بکاتەوە کە پاڵی پێوە دەدەن!

سـەرما بڕسـتی بڕیـوم. دەمەوێ ئەو کـۆڵە جـێ بـێڵم و بە بەتـاڵی هەنگـاوم سـووکتر کەم. بەڵام لـێ نـاورم. بـارەکەم لەو بـۆرانە زاڵمتـرە کە چـاوانمی وەک نەفەسـم تەنـگ کـردووە و ئەژنۆکـانمی چـون ئومێـد شـل کـردووە. هەڵیـدەگرم و دەڕۆم. نـازانم بەرەو کـوێ بەڵام دەڕۆم. یەکەمجـارە حەز بـکەم دەنگـی "ئیسـت"ی سـەربازێک ببیسـتم. ناوەسـتم و دەڕۆم.دەڕۆم ئەممـا ئیـدی لەو بـاوەڕەدام چیـای خـۆڕاگریش مـن لە خـۆ نـاگرێ! دەڕۆم و دڵنیـام هەر هەنگاوێـک بە سـەر ئەو بەفـرەدا دەنـێم بەسـەدان کلـوەبەفری دی شوێنەشـۆپم پـڕ دەکەنەوە. دڵنیاشـم کە قەڵغـانی ئەو تەمەی بەردەمـم ئەشکێنم هەزاران تەمی تر شوێنەکەم دەگرنەوە!....

**موحسین سوبحانی**


東周刊

## «پاسپۆڕت»

لەسەر سێن، لەسەر کورسییەکی چوار پایە دانیشتووم. چرایەکی گەورە لەسەر سەرم هەڵکراوە و دەوراندەورمی بە قەدرای بازنەیەکی یەک میتری ڕووناک کردووە. گەرمای ئەم چرایە ڕەسەر ئاوی خستووم و دە فریای سڕینەوەی عارەقەی سەر تەوێڵم ناکەوم. بەرامبەرم جەماعەتێکی زۆر دانیشتوون بەڵام هێند تاریکە چاو هەتەرێ ناکات و کەس نابینم. دەبێ بۆیان بدوێم. ئێستا هەموو بوونەتە گوێ و دەبێ قسەیان بۆ بکەم. من، بەڵێ من، منێکی تا ئەمڕۆ نە کەس گوێی لێ گرتووم و نە کەس چاوی لێ کردووم. بەڵی بڕوانە ئێستا ئەمن بوومە زار و هەموو بوون بە گوێ. ئێستا دەبێ هەرچی هەیە بیدرکێنم، هاوار بکەم و ئەوەی لە دڵمدایە هەڵی ڕێژم. دەمناسنەوە؟ ئەی چۆن نامناسنەوە، بێ گومان لە بیریانە لە بەر و پشت یەکدی دەگرینەوە و هەر بۆخۆم بووم بەرچاوم ڕوون کردنەوە و فێری دارەدارەم کردن. نا، نا، لێیدەگەڕێم، پیاو وەدووی چوان نەکەوێ چاکە، هەموو کەس هەڵە دەکات.ئەمەشیان لەبیر نەبێ بێ گومان لە بیریانە دڕم دەدا بە چەقەڵ و چەپەڵی بەر مالیان و ئەوە لە سایەسەری منە ماڵوحاڵیان خۆش و ئاوەدانە. بڵەی؟ بڵەی لە بیریان مابم؟ دەچمە دە فکرەوە. نێوچاوانم سەت گنجی تێ دەکەوێ. بڵەی؟ نا، نا، دەی ئەتۆش دنیات لە خۆت کردووەتە چەرمی چۆلەکەی. ئەتۆ قسەی خۆت بکە و کارت نەبێ. دیار نین بەڵام دڵنیام ئێستا هەموویان بە دڵێکی ئاوەڵاوە و عەقڵێکی فراوانەوە لێم دەڕوانن و گوێم لێ دەگرن. هەر وەک هەمیشە زمانە سوورەکەی خۆم بۆ ئەوان دەکەم سەوز و بە دەستێک پێمەڕە و بە دەستێک گوڵ بەرەوپیریان دەچم. ئەمن قەت لێرە نەبزووتووم و قەتیش نابزووم و وەک برایان لەسەر سفرەیەکی دادەنیشین. ئەوانیش هەر بەو چاوەچاوم لێ دەکەن. هەر دوور نەڕۆم دەمێک پێش ئێستا بوو ئامێزم بەهەموانیدا گرتبوو و لێکم خڕ کردبوونەوە و لەسەر سفرەی خۆم نانم دانێ. نا، نا، ئەتۆ بۆ هێندە پیسی و پێتوایە ئەوان وا نین؟ لەسەر کوورسییە چوار پایەکەم خۆم توند دەکەم. دەبێ زارم بکەمەوە و قسان بکەم. دەبێ باسی کۆتری سپی و چڵە زەیتوونیان بۆ بکەم، دەبێ باسی کانیاوە فێنک و دڵئاوەڵاکنیان بۆ بکەم. دەبێ باسی ڕەوەزە نەرم و نیانەکانیان بۆ بکەم. دەبێ... ئاخ، ئای... گەرمایەک دە لای ڕاستی لەشم گەڕا. لە گەرمی خوێن دەچێ. هاوکات یەک لە پایەکانی چوارپایەکەم لەقی. ها... "کاکە بە خاتری خودای ئەوجوولە جووڵەت لە چییە؟ دە جوان دانیشە با وێنەکەت بگرم و تەواویت بێ." " بۆ پاسپۆڕتمە کاکە گیان. شەش لە چوار بێ."

**هیوا بەیرام**



📷 Ryan Hopkinson

# «یاریی ڕەنگەکان»

چاوەکانی کراوە و زەق، مڕ ببوونەوە سەر کاتژمێرە ڕەشەکەی سەردیوارەکە، کە ساڵێک دەبوو لە سەر پێنجی بەیانی مابووەوە. لە پڕ پۆلێک پەپوولەی سپی خۆیان کرد بە ژوورەکەیدا و بە دەوری سەریدا دەسووڕانەوە، بییری دەکردەوە ئەم هەموو پەپوولەیە ئەبێ لە کوێوە هاتبن، پەنجەرەکان بەسترابوون؛ درگاکە داخرابوو. دەیگوت: تۆ بڵێی پەپوولەکان لێرە لە دایک بووبن یان لە داوێنی یەکێک لە تابلۆکانمەوە خۆیان دەرباز کردبێت؟ پێڵووەکانی لێکنا و کردیەوە؛ هەموو پەپوولەکان ڕۆیشتبوون و خۆی بە تاقی تەنیا مابووەوە. چاوی بڕیبووە ڕووبەرگی چوارچێوەکە و فڵچەکەی بە دەستەوە گرتبوو، ڕەنگی تاریک و بۆر، بەشێکی زۆری لە تابلۆکە داگیر کردبوو. فڵچەکەی شۆردەوە، بیری لە تەختەڕەشەکەی ساڵانی پێشووی قووتابخانەکەی دەکردەوە، چیتر ئاسەوارێکی لێ نەمابوو و وایت بۆردەکە لە تەپ و تۆزی سڕینەوەی تەختەڕەشەکە ڕزگاری کردبوو. ئەو ساڵ تەواوی وانەکان بۆ خۆی دەیگوتنەوە، تەنانەت وانە ئایینییەکانیشیان پێ سپاردبوو. ڕەنگە ڕۆشنەکان بەشێکی بچووک لە تابلۆکەی گرتبوو. منداڵەکان وانەی هونەریان زیاتر پێ خۆش بوو چونکا ئەو ئاوازانە پێیان خۆش بوو پێکەوە دەیانگوتنەوە. زۆر جار لە بری شێوەکاری سەمایان دەکرد، دەستیان دەگرت و پۆل پڕدەبوو لە هەرا و پێکەنین و قرم و قاڵ. باوکی لە شەست میتر خوارترەوە خەریکی بێڵکاری بوو. فڵچەکەی لە ڕەنگە کەسکەکە وەردا و بە سەر بوومەکەیدا کێشا. تا چاو کاری دەکرد دەشت و سەوزایی بوو و سەمای گوڵە بەیبوونەکان و فڕینی پەپوولە سپییەکان...سەیری ئاسمانی کرد، هەورێکی تاڵ، باڵی بە سەر ئاسماندا کێشابوو. لە سەر چوارپایە ئاسنیەکەی پاڵ دارچنارەکە دانیشتبوو.

با" یاری بە سەرپۆشە سپییەکەی دایکی و پرچە خاوەکەی خۆی دەکرد.

بیری دەکردەوە چۆن دوایین داخوازییان جێبەجێ کردبوو، دەیگوت: پێش کاتژمێر پێنج "سیگار بەرگ"ێکیان داوەتە دەستی و ئەویش بە دەم حەواکردنی دووکەڵەکەیەوە قاقای دەکێشا. لە ئاسۆی دووری دەڕوانی پەپوولەکان نەمابوون و دڵۆپە بارانەکان لە گەڵ فرمێسکەکانی دەتکانە سەر تابلۆکە و ڕەنگەکانی تەواو شۆردبووەوە. دایکی بە سەبەتێک سەوزەوە بەرەو خانووەکە دەڕۆیشت؛

کۆتە پەمەیەکەی لە بەری داکەندبوو و هەر سێکیان پێکەوە چایان دەخواردەوە. دوور لە چاوی باوکی لە مۆبایلەکەی سەیری دوایین وێنەکانی خۆیانی دەکرد.

**شەرمین ساڵحی**

# «ئومێد»

شەو بوو. تریفەی مانگەشەو دیمەنی دەشتودەری وەدەر خستبوو. لەسەر کورسی‌یەکی دار و لە پشت میزێکی دار دانیشتبوو. پشتی کۆم کردبۆوە و دەستی دادابووە سەر میزەکە و چاوی لە بەرامبەری بڕیبوو. سووڕاحی و پیاڵەیەک لەسەر میزەکە بوون. پیاڵەی یەکەمی خواردبۆوە و چۆڕێک لە بنی پیاڵەکەدا مابوو. دە پازدە خولەک دەبوو دانیشتبوو و جووڵەی لە خۆی بڕیبوو. چاوی ئاوەڵا بوو بەڵام هیچی نەدەدیت و بە پێچەوانەی هەمیشە مانگە شەو و دیمەنی دەشتودەر نەیدەبزاوت. دەستی بۆ سووڕاحی‌یەکە برد و پیاڵەکەی لێ لیپاولیپ کرد. شەڕابێکی سوور سوور، دەتکووت دڵۆپی خوێنە. بە بێ سێ‌ودوو هەڵی‌دا و تاکوو قرتەی لێ نەبڕی دەمی لێ نەکردەوە. پیاڵەکەی دانا و بە دوو دەستان تووند گرتی. ئەمڕۆ لە بەیانی‌یەوە دڵی خۆش نەبوو. شەوێ لەبەر تەلەویزیۆن خەوی لێ کەوتبوو و بە دەم هەواڵانەوە خەوی دە چاوان گەڕابوو. دیمەنەکانی لەبەر چاو لاندەچوو. هەواڵەکان بەردەوام خەبەری ناخۆشیان پێ بوو. لەم ماوەیەدا زۆربەی شەوان میوانی سووڕاحی بوو. دەستی بۆ سووڕاحی‌یەکە برد و پیاڵەکەی لێ پڕ کردەوە. هێنایە بەر دەمی و بۆنی پێوە کرد. شەڕابێکی سوور و بۆنێکی خۆش. پیاڵەی سێیەمیشی هەڵدا. بەیانی بە دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەڕی بانگێ وەخەبەر هات. شڵەژا و ترسێکی قووڵ دایگرت. ئارەقێکی سارد هەموو لەشی داگرتبوو. دەستی دەکوتا و پەلەقاژەی بوو. دەتکوت لە شتێک دەگەڕێ. ڕۆبووە سەرینەکەی پەنای و وەک دەستی لە گەرووی کەسێک تووند کردبێ، توونذ گرتی و بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی دەستی لێ توونذتر دەکرد. لەگەڵ هەر ئەڵڵاهوو ئەکبەڕەی بانگ دەستی لەسەر هەڵدەگرت و بە مست بەردەبووە سەرینکە:

"هەی ناحیسان، خوێڕی چەپەڵ. پێتوایە دەترسێم، هەزاری وەک ئێوە بێتە پێشم وەک سەگ دەیتۆپێنم هەی خوێڕی. هەتا دڵۆپێکم خوێنی سوور دە لەشیدا بگەڕێ لێتان ڕاوەناستم."

ئەوجار دەستی لێ بەردا و سەرینەی بە هەموو هێزی خۆی ڕنی.

"هەی جەردەی پیس. بۆگەنیوتان دنیای هەڵگرت."

دەستی بۆ سووراحی بردەوە و پیاڵەی چوارەمیشی پڕ کرد و هەڵی دا. چاوی لە کورسی‌یەکەی پەنای کرد. کچە لە پەنای دانیشتبوو و سەری دەهۆندەوە. ڕووخساری کچەی لەبەر چاوی زۆر جوان بوو. کچە جارناجارێک سەری هەڵدەهێنا و بە چاوە گەشەکانی لێی ڕادەما و زەردەیەکی بۆ دەکرد. کراسێکی سوور سووری دەبەردا بوو و دەتگوت بووکە ڕازاوەتەوە. جوان لە جەستەی ورد بۆوە. لەشی چەند گرێی لەسەر دیار بوو بەڵام سەرەڕای ئەمەش کراسە سوورەکە دەخزا و گرێ‌یەکانی دادەپۆشی. زەق تێی‌ڕاما و چاوی نەدەترووکاند. کچە زۆر ئەرخەیان و بێ‌خەم دانیشتبوو و سەری دەهۆندەوە و جار لەگەڵ جار جوانتر دەبوو و زەردەی لە لێوان نەدەبۆوە. دەستی بۆ سووراحی بردەوە و پیاڵەی پێنجەمیشی تێ کرد و لووری کردەوە نێو زگی. کچە لەسەر حەرزی ڕاکشابوو و هەردووک دەستی کردبۆوە. زەردەی هەر لەسەر لێوان بوو. دەنگی پێکەنینێکی شێتانە تێکەڵاوی ئەڵاهووئەکبەڕ ببوو. کچە پێدەکەنی و دڵۆپێک خوێنی سوورسوور ڕژابووە سەر زەوی. شنە بایەک هەڵی کرد و دەنگی برووسکەیەک هات. نمە بارانێک دەستی پێ کرد. سووراحی‌یەکەی بە دەستەوە گرت و لەسەر میزەکەڕا لاری کردەوە و دڵۆپ دڵۆپ ڕشتییە سەر زەوی. بۆنی زەوی وشکی باران وێ کەوتوو تێکەڵی بۆنی خۆشی شەڕاب بوو.

**هیوا بەیرامی**



# «گەڕانەوەی شازدەچکۆلە»

بێزار بووم لە سەرنەوی‌کردن بۆ زەوی و سەرهەڵبڕین بۆ ئاسمان؛ تۆ کە تەنیا گوڵێ لە هەزاران گوڵت بوێ، نەهێڵن پێی بگەی؛ کەڵەکەی زانستی زوێرت کەڵکی چی دەگرێ؟! کاتی ئەوە هاتبوو لە خێڵی جنۆکان دوور کەومەوە، شەرمەکانم بسپێرمە شەوەزەنگ و بەدەم شەتاوی مانگەشەو ئەم چڵکاوە لە خۆم بشۆمەوە؛ کۆتام بە ئازارەکانم گەیاند و ئارەزوو و دڵتامەزرۆییەکانم جێهێشت. ئەوە بوو کە ڕێم کەوتە ویشکەڵانی و یابانەکانی ئەفریقا؛ جێیەک کە ئەستێرەکان لە خۆنیشاندانیان شەرم ناکەن، جێیەک کاکتۆسەکان ڕیشەیان داکوتاوە و بنەبڕ نەدەکران.

جێیەک کە بۆنی خەڵک و خوات لێنایات و تەنیا خۆتی، ئەوە بوو چیرۆکی یەکبوونی من و یابان. شەوێکیان کە لە تەماشای ئەستێرۆکان خەنی بووم، گەشکە گرتبومی و سەیرم دەکرد ئەو ئەستێرۆکانە چۆن خۆ دەکەنە ئەستێرەی باکوور و تینووان و چاوساغان بەرەوە هەڵدێرەکان دەبن، چ گەشکەیەک دەتگرێ کاتێ سەیری هەپروون بە هەپروون بوونی ڕێبواران دەکەی! تەژی لە ژان بووم کە قورسایی دەستێکم لە سەر شانم هەست پێکرد، موچڕکێک بە جەستەمدا مێرووڵەی کرد و ئەستێرۆکانم بیرچۆوە، ئاوڕم بۆ دواوە دایەوە، دوو سێبەر و ڕۆحی ڕووت و قووتم دی!

یەکیان وتی: «هاوڕێ، مارەکەت نەدیتووە؟!» سەرسام بووم نەمتوانی وەڵامی دەمەوە، لێم هاتە پێشەوە و هەمیسان وتی:«مارەکە مارەکە!»

وتم:«ئێوە کێین چیتان دەوێ؟ ماری چی؟»

ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەو دوو منالە ئاشنا بووم، بۆم پرسیار بوو ئاخر دوو منالْ بەو شەوە ئەنگووستە چاوە لەو چۆڵگەیە بۆ دەبێ لە مار بگەڕێن؟!

وتم:« ئێوە لە کوێڕا هاتوون؟»وەڵامیان نەداوە؛ پرسیاری زۆرم دەکرد و کەمم دەبیست!

دیسان وتی:«مارەکە!» ناچار وتم :«دەیناسم و دۆستی خۆمە! بەڵام ئێستە خەوتووە، سبەی دەتانبەمە لای مارەکە!» بزەیەکیان بزووت و کاکۆڵتەڵاییەکە وتی:«هاوڕێ دەتوانین ئەمشەو لێرە بمێنینەوە؟» نەمهێشت پرسیارەکەی تەواو کات نەڕاندم:«بە دڵنیایی، بە دڵنیایی!»

پاڵیان داوە و چاویان خومار بوو و خەویان لێکەوت، منش لەپاڵ گاشەبەردێ لێی تلامەوە و بیرم دەکردەوە دوو منالّی شەوگەڕ! چەند سەیرە، بڵێی لە کوێوە هاتبێن! خۆ لە ئاسمان بەرنەبوونەوتەوە، دەبێ بزانم کێن و چییان دەوێ!

بەیانی شەبەق شاباڵی بەسەر ئەرزا پەخشان کرد، هەمیسان کاکۆڵتەڵاییەکە هاتە قسە و وتی: « مارەکە!»

پێمگوت:«تا پێم نەڵێی کێین و لە کوێڕا هاتوون، جێی مارەکەتان پێ ناڵێم!» وتی:« ئێوە بە ژمارە فێرن، کەواتە من لە ب٦١٢هاتووم!». پرسیم:«چی؟ب٦١٢؟!»

« بەڵێ هەسارەیەک کە ژمارەی٦١٢تان پێداوە!» پێم سەیر بوو ئاخر لە منالێوە هەر بەو شتانەی فێریان کربووم؛ شەرتی ببووم قەت بیرم نەدەکردەوە، منالێک دەتوانێ لە ئاسمان بژی!

وتم:«ئەی ئەو چاوڕەشەی هەواڵت!» وتی:« خەڵکی زەوینە!» سەیرێکیم کرد منالێکی خنجیلانەی قۆز، بەڵام ئەو گوڵە چوار گۆڵبەرگییە چییە پێیەتی، ئای کە گوڵێکی سەیرە هەر بەرگێکی ڕەنگێکی هەیە! ڕووم کردە چاوڕەش و وتم:« ئای کە گوڵەکەت جوانە!» فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیسما و بەکزێکەوە وتی:« گۆڵەکەم نەخۆشە بۆتە چوار ڕەنگ!» چیدی بێدەنگ بوو! لە کاکۆڵتەڵاییم پرسی:« ئەو گوڵە خۆ شۆخ و شەنگ دیارە کوا نەخۆشە؟» وتی:« وست! خەڵکی ئەم هەسارەیە زۆر دەپرسن و چ نابینن! برینی مەکولێنەوە، گوڵەکەی لەسەرە مەرگ دایە، دەیبەینە هەسارەکەی خۆم، ئاوی ئەوێی دەدەینێ تا یەکڕەنگ بێتەوە! ڕێوی ڕەفیقم وتی گوناحە لێرە جێی مەهێڵە هەسارەی تۆ جێی بۆ هەر دووکتان هەیە، جا منیش ئەو دەبم و پێکەوە دەژین».

بەزەییم پێداهات و وتم:« باشە پێم بڵێ چی بەسەرهاتووە، کە دەیهەوێ کۆچ بکا؟!»

بۆی گێڕامەوە کە بە چ نەهامەتییەک کاژیلەکەی دابەستووە، گوڵەکەی ئاو داوە و ئاگرپژێنەکانی خاوێن کردۆتەوە و سەفەری کردووە بۆ زەوی و لە ڕێگا بەدوای دیتنەوەی دۆسێنت و ڕێوی،چاوی بە ئەو کەوتووە، چاوڕەشی لە خنکان ڕزگار کردووە و لە بەحرەکە گرتوویەتەوە، دواتر چوون تاکە گوڵی باغچەکە کە هێشتا ئومێدێک بە چاکبوونەوەی هەیە ڕفاندوویانە و ئێستاکە دەڕۆن بۆ هەسارەیب٦١٢.

وتم:«باشە چاوڕەش لە کوێ دەژیا؟»

وتی:« چاوڕەش بۆی گێڕامەوە کە چارەی ڕەشتر لە چاویەتی، باغچەیەکی هەبوو هەموو ڕۆژێ پێی ڕادەگەیشت گوڵەکانی ئاودەدا، بژاری دەکردن، بۆنی دەکردن لەگەڵ بولبولان

دەدوا و کۆترەکان هێلانەیان لەسەر داربێکان چێدەکرد؛ کەچی ڕۆژێ چوارکەسی ماندوو و هیلاک دەبنە میوانی، تاژیلۆکە، زەردەقۆڕە و دوو ژەنگە. ئەویش ڕحمی پێیاندا دێتەوە و ڕایاندەگرێ. بەڵام دوای بەینێ ئەو چوارە تەواو باغچەکەی داگیردەکەن، دەیکەنە چوار کەرتە، ڕۆژەکانیش دەبێتە چوار بەش هەر لایە کاتێکی هەیە، گوڵەکانیش لەوە بەدوا ناچار دەبن چوار ڕەنگ و چوار بۆنیان بێ، کە تێکەڵبوونی ئەو بۆنانە دەبێتە پیسترین بۆن کە مرۆ دەڕشێنێتەوە!».

پرسیم:« باشە چوار باغچە چۆن بەڕێوە دەچێ؟»وڵامی دایەوە: «بەشێکی بە دەست تاژیئەحمەڕاوکەرە، کە باوکی تاژیلۆکانە

(ئای خوایە بیرم کەوتەوە کە لە منالی کتێبێکم سەبارەت بە ئاژەڵان خوێندبۆوە، چەنێ ڕقم لە تاژیلۆکان بوو و بێزم لێدەکردن! تاژیلۆکان زاووزێیەکی خێرایان هەیە، بە کۆمەڵی پتر لە٦٠دپەروەردە دەبن، لە چاوچنۆکییان هەر شتێ بجووڵێتەوە دیخۆن جا با تاژیلۆکانی دیش بێ! چاوەکانیان تیژبینە و مچەکەکانیان هەڵماڵیوە و وەک شمشێر لە لەشی ڕاوەکانیانی ڕادەکەن، بە ئاڕوارەکان لەتلەتیان دەکەن ، ڕقم ئەوەندە لێیان بوو هەرکات یەکێکیانم دەدی چیلکەیەکم بە قوونی دادەکرد!)

بە تووڕەییەوە وتی:« قسە بۆ تۆ دەکەم؛ خەڵکی ئەم هەسارەیە گوێ ڕاناگرن!»

وتم :«بەڵێ، بەڵێ گوێم لێیە!»

دەبایە بەشێ لە ڕۆژ بیگاری بۆ تاژیلۆکان بکا، بە زمانیان بدوێ ..ئایکە دێزەییان لێدەبارێ!

بەشی دووهەم بە دەست زەردەقۆڕانە! بوونەوەرێکی دێزە و خۆپەرستن! هەموو ڕۆژی گوڵەکانیان پەرپەڕ دەکرد، چڵە زەیتوونیان دەخوارد و بە هاوکاری خێڵی ژەنگەسوورە کۆترەکانیان دەکووشت و خوێنیان هەڵدەمشت، گەڵای دارەکانیان دەجوو و تفیان دەکردەوە و زەردەبێکانیان ڕووت دەکردەوە.

خێلی سێیەم و چوارەم دوو جۆر لە ژەنگن، دەستەیەکیان سەر ڕەشی کەمەر سوورن، ئەوانیدی سەر سوور ژێرزگ ڕەش! کە جار لەگەڵ جار کەنووی گەورەتر چێدەکەن، شیلەی گوڵان هەڵدەمژن و ژاری چوار ڕەنگی جێدێڵن!

لەم نێوەدا چاوڕەش مڕ و مۆچ و تەنیا و بێدەسەڵات دەمێنێتەوە، ئەویە دەیهەوێ کۆچ بکا؛ یەکێ لە گۆڵەکان دەچنێ و ڕێی بەحر دەگرێتە بەر بەڵام بەلەمەکەی تێکدەشکێ و

نووقم دەبێ، بە سـوواری شـەپۆلەکان دێتەوە کەناری زەریا، من و ڕێوی تیماری دەکەین و زامەکانی سارێژ دەکەین. جا ڕازیمان کرد لەگەڵم بێ بۆ هەسارەی خۆم و ببێتە هاوژین و شەریکم و ئەو باغچەیە جێبێڵێ».

(کەوتمە گێژی خەیاڵ، قەت نەبێ لەم جیهانە مەزنەدا، گچکەباغچەک شـک بەری و ئەویشـت پێ ڕەوا نەبینن، سـەیرە گوڵی منیشـیان پێ ڕەوا نەدیتم، باشـە بۆ هەر کەس بە گوڵێکەوە گرفتارە؟! بەدوای بۆنی ئەو گوڵە پەلکێش دەکرێ و ئارامی لێدەبڕێ؟!)

همیسان وتی:« خالۆۆۆ، مارەکە!مارەکە بوو بەچی؟!»

وتم:« باشە مارەکە چۆن ئێوە دەگەڕێنێتەوە؟»

وتی:« قەولی پێدابووم هەر کات بیری گەڕانەوم بێ خۆی و ژارەکەی لە خزمەتم دابن».

زانیم چ باسە و تەواو تێگەیشتم! پێم وت لێرە بمێنن تا خۆم دەچم دەیهێنم، نەڕۆن بۆ هیچ کوێ وریای چاوڕەش بە!

جا ئانتۆن سـەرەتا دڕدۆنگ بووم خۆی نەبێ، بەڵام ئەو کاکۆڵتەڵاییەی باست کردبوو کە هەر شـەوە چاو لە زریوەی ئەسـتێران دەکەی و هەزاران زەنگۆڵە لێدەدرێ و چاوت لێدادەگرن، بە دڵنیاییەوە خۆیەتی، جا وتم با لەو خەمبارییە دەرتبێنم، موژدەت پێبدەم کە شـازدە چکۆلە گەڕاوەتەوە؛ خەمیشـت نەبێ خۆم لێمبیسـت هەر جۆرێ بووە کاژیلەکەی بەستۆتەوە و گوڵەکەی پارێزراوە. لەسەر وتەی خۆت ئەو تێلێگرافەت بۆ بەڕێ دەکەم، زوو خۆت بگەیەنە تا لێم نەکەوتوونەتە گومانەوە، من مەحتەلیان دەکەم. ئای چەند ماندوو و دڵگران بووم لەو هەموو ڕاونانە، ڕاسـتت دەکرد چ گەورەیە ئەوین! لیوان چای و مێوژە ڕەشـی بەر دەمم، لێبۆتە چاوی مناڵە! پێما منیش بەو دەردەی تۆ گرفتار بووم، باشـە ئەسـتێرەکانی تۆ زریوەیان هەیە کەچی ڕەشچاڵەکانی من لە ئاسـمان نایەنە بەر چاو! هەست دەکەم چلێسی هەڵمشتنی ئەوینی مناڵێکم! زوو خۆت بگەیەنە؛ تا منیش لەدەست نەچووم!

**شەماڵ ئەحمەددووژن**



## «سەبارەت بە تۆ»

لە پەراوێزی چێشتخانەکەم دەژیم مەلاهیم، دێمو دەچم تابزانم ڕێکوپێکە؟ باشە هەموو شت لە جێی خۆیتی! جا ئینجا چ لێ نێم؟ بریا لێم پرسی بای!

سخۆر لە تەشقی ئاسمان بە کەلێنی پەردەکە دەستی هێناوەتە پەراوێزەکەم؛ چووم پەردەکە لادەم، گەییشتمە نیزووکی پەنجەرەکە، لەناکاو تاو هەڵیمشتم وەک ئاو، بووم بە هەڵم، بووم بە هەور، با ڕایکێشام چوومە وڵاتێکی دی.

هاتمە خوارێ لە کانیەک چاووم هەڵێنا؛ بێ بانگهێشت بۆ لای کۆمەڵێک مرۆڤ چووم کە لەبن دار زەیتوونێک دانیشت بوون، بە دڵەڕاوکەوە سەیری یەکتریان دەکرد...

شیرنم دیت، بەرگی چەکداران لەبەر؛ چاوی دە چاوی من بڕی بوو، چاووم لە کانیەکە کرد خۆر دەستی گەیاندبوو نێو کانیەکە بریقە ی دەداوە، ئاوڕم وە شیرنی داوە، پێکەنی، هەر دووک گۆنای قووڵ ببوو. هاتم جوابی پێکەنینەکەی بدەمەوە...

فیشەکێک لە ئاسمانا رێک وە قووڵایی گۆنای کەووت، لە ترسان چاووم توونـد چووقاند جەرگم ئێشا.نووقم بووم.

قیژە هات، سووتان بردی...

ئەسرینی هەر دوو چاووم تۆی لێ دەشاردمەوە

لە بیرم چوو پێت بڵێم! بریقەی کانیاوەکە وە بریقەی چاوەکانی تۆ دەچوو.

- گووڵ نەسرین چت لێ ناوە؟

- چەک و خوێن بە بۆنی ئیستیعمار.

**لەیلا خاکی**

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ……. هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ّ◌ّ◌ ◌ّ ◌ّ◌ّ ◌ّ,,, /، ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.
٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:

گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆیڕا، کۆوا، کۆێ، کۆیم... ئاوا درووستن: [کویڕا، کوا، کوێ، کویم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ه" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.
تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین.
بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# تیۆری

## «شێوازی سەمبۆلیسم»


مریەم قازی

شێوازی سەمبۆلیسم بەردەوام خۆی لە هەرێمی تاریفێکی دیاری کراو دەرباز دەکا. تاقمێک سۆفی گەرییەتی، تاقمێ عیرفانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، تاقمێک سەمبولیسم بە دنیایەکی نوێ لە شێعری نوێدا دەزانن و تاقمێکیش بە ئامێرێکی نوێی دەزانن بۆ دەربڕینی هۆنەرەکانیتر بە جۆرێک کاتێک سەمبۆلیستەکان لەوەی کە دەیانتوانی دەگەڵ مۆسیقا رکبەرەکانی بکەن شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد، بەمجۆرە کاری تاریف و تەفسیری ئەم شێوازە زۆر ئەستەم دەبوو. هەروەکی زۆربەی شێوازە ئەدەبییەکانی پێشووش هەروابوون چونکە ئەساسەن ماهییەتی هۆنەر هەڵگری تاریفێکی زۆر مکانیکی و ئیشک نیە و سەییال و دەربازچیە.

هەرچۆنێکە لە فەرهەنگی " کادێن " دا بۆ تاریفی ئەم شێوازە ئاواهاتووە کە " وشەی سەمبۆلیسم زۆری مانا لێدەکەوێتەوە و ئاخریش بێ مانا دەمێنێتەوە. " کە وابوو ناچارین بچینە سەر خاڵە هاوبەش یان جیاوازەکانی ئەم شێوازە دەگەڵ شێوازەکانی دیکە. هەروەها تایبەتمەندییەکانی شێوازی سەمبۆلیسم.

سەمبۆلیسم وەکوو فێعل symballien لە یۆنانییەکان وەگیراوە و بە مانای بەیەکەوە بەسرانەوە و تەواوکەری واتای دوو وشەوە هاتووە. هەروەها وەکوو ناو symbolon بە مانای نیشانە، هێما، رەمز، داڵ، یان هەر نیشانەیەک کە لە نێوخۆیدا واتا و مانایەکی تر هەڵگرێ، هاتووە. بۆ وێنە تەرازوو نیمادی دادپەروەری، گوڵی سوور نیمادی جوانی، شاخەی زەیتوون و کۆتر نیمادی ئاشتی، چرای سوور نیمادی قەدەغەبوونی رۆیشتن و ...

که ئەم نیماد و نیشـــانانە بە درێژایی مێژوو لە هەموو وڵاتاندا هەبووە.کە وابوو ســەمبۆل بە وشــە یان دەســتەواژەیەک دەگوترێ کە هەم لەمانای خۆیدا و هەم لە مانای واوەتر لە خۆیدا هاتبێ. ســـەمبول تەنیا تایبەتی بە زمانی ئەدەبی نیە، لە کردەوەکانی کۆمەڵایەتیدا وەکوو مســـت کردنی پەنجە بەمانای ناڕەزامەندی، هەڵێنانی دەست بەمانای ڕادەست بوون و... لەبەشی سیاسیدا ئاڵا نیمادی سەربەخۆیی ئاژیری مەترسی نیشانەی هێرشی هەوایی، ئاڵای سپی نیشانەی ڕادەست بوون و ... لە بەشی ئابووریدا بە هەزاران نیشانەی تیجاری.



بەڵام لە ئەدەبیاتدا هەل و مەرجی نیماد جیاوازە و ڕەنگە بە هەموو کەس فام نەکرێ. بۆ نموونە هێمای دایک بۆ نیشتمان، جاری وایە نیماد پێگەیەکی زانستی هەیە وەکوو نیمادەکانی مەکتەبی ڕەوانکاوی فرۆید، جاری واشە هیچ پێگەیەی زانستی نیە و تەواو تاک کەسییە و تابعی بۆچوونەکانی شاعیر یان نووسەرە کە باشترین نیمادەکانیش لێرە دەخولقێن. نیما یووشیج دەڵێ :" زەرووڕەتی سەمبول ڕێک گرێی خواردووە بە تەکامولی دنیای دەستەواژەکان و ناتەواوبوونی ماناکانییان. " جاری وایە حاڵاتێک بەسەر شاعیر و نووسەردادێ کە لەوانەیە لە باری وشەوە کەم بێنێ، لێرە سەمبول نەجاتی دەدا. تێکەڵ بە ئیبهام و خەیاڵ دەبێ و دەبێتە وێنەیەکی تایبەت. هەروەها ئەگەر ئیستعارەیەک زۆر دووپاتە بۆوە دەبێتە سەمبول کە زۆریەک لە داب و نەرێتەکان و مێژووی ناوچە و هەروەها حاڵاتی تاک کەسی خۆی دەخالەتی هەیە. وەکوو کارەکانی فرووغ، گوڵشیری، دانتە، جیمزجۆیس، شکسپیر و...

سەرەنجام ژان " مۆرەئا" لە ساڵی ١٨٨٦ لە ویژەنامەی ڕۆژنامەی " فیگارۆ" بۆ یەکەم جار باسی شێوازی سەمبۆلیسمی کرد. بەڵام لە نێوان سەمبۆلیسم و ناتۆڕالیسم دا دوو شێوازی کەم تەمەن سەری هەڵدا.

" هۆنەر بۆ هۆنەر " یان " پاڕناس " و " ئێمپێرسیۆنیسم " . پاڕناس لە ئەدەب دابوو و ئیمپێرسیۆنیسم لە نەققاشیدا. ئیمپێرسیۆنیسم شێوازێک بوو کە بەسەر بنەمای عەواتیف و ئیحساسات و ساکارێکی لەڕادەبەدەر و بێ شرۆڤەی زیادی ساغ ببۆوە. ئەم شێوازە نەققاشی لە سروشت و دێ ڕا، راگوێزتە شار تا کاریگەری سەنعەت بەسەر مرۆڤ و تەنیا مانەوەی لەم تیژتێپەڕییەدا باس بکا. لە زۆربەی نەققاشییەکاندا، بەفر باریوە، جێ پێی تاقە رێبوارێک تا کن تاقە نیمکەتێک ڕۆیشتووە و رێبوارێک لەسەر ئەو دانیشتووە و سیغارێکی پێیە، شۆقی چرایەکی کز و ...هەرچەن شێوازی پاڕناس و ئیمپێرسیۆنیسم هیچکات جێ پێی خۆیان قایم نەکرد بەڵام بوونە سەرەتای سەرهەڵدانی سەمبۆلیسم.

**وارەکانی ( زەمینەکانی) کۆمەڵایەتی سەمبۆلیسم**

لەساڵانی ١٨٧٠ فەڕانسە یەکێک لە ئەستەمترین کێشەکانی ئەخلاقی و بیری تێپەڕ دەکرد.ناتۆڕالیسمی زۆلا بەرەو مردن دەڕۆیشت و لەبەرابەر هەزاران پرسیاری نوێخوازەکان دا مابۆوە کە پێیان وابوو سروشت گەرایی مردووە و بە هۆنەرێکی نالەبار و ماندوو کەری ماکەیی شەرم ئاوەر تەقبیح دەکرا، بە عامیانە و موبتەزەل و بەردەستی نێوی دەهات کە تەنیا بەشی حەیوانی مرۆڤێکی بەرکاری مونفەعیلی لەبەرچاو بووە و ئیتر هیچ ئاسەوارێک لەو قارەمانانەی دنیایان دەگۆڕی نەمابوو . ئاکامی ناتۆڕالیسم هەڵوەشانی پەیوەندییەکانی ئینسانی و هۆنەرێک بوو دژ بە ژیان. شۆڕشێکی نەهێنی تەواوی ئوڕووپای داگرتبوو لە دژی سیاسەت و شێوازەکان کە تا ساڵی ١٨٨٥ نادیاربوو و لە ساڵی ١٨٧٠ خۆی ئاشکرا دەکا، لە دژی زانست و سروشت گەرایی. ئایین زیندوو دەکەنەوە و دنیای بیری نوێی بۆساز دەکەین. ئەو لاوانەی جاڕرز ببوون لە هەموو ئەوشتانەی ناتۆڕالیسم دایسەپاندبوو بە شێووەیەکی ئانارشیستی راست ببوونەوە کە سەمبۆلیسم یەکێک لە شکڵەکانی ئەو بوو.

**رامبۆ دەنووسێ:**

چەنێ ساڵ کە نەگریاوم،

مانگ چەندە دڵڕەق و هەتاو چەن رووڕەشە

لەوانەیە کەشتی من بە تاتەبەردێکی ناڕێک تێک بقرمێ

لەوانەیە من بخنکێم و لە باوەشی خیزەڵێندا ئارام بگرم

دەسڕاگرن ئەی شەپۆلەکانی دەریا

دەسڕاگرن ئەی ئەو کەشتییانەی بەڕێم دەکەن،

ئەی ئاسمانی بان سەرم

دەسڕاگرن لە شەتانەوەی پڕفیس و ئاڵا تیجارییەکانوو

لەم رووناکاییە لەرزۆکانەی کەشتییە ئەسیرەکانوو...

شێعرێک کە لەودا شاعیر هەست دەکا هیچ پشت و پەنایەکی نیەو خەمێکی بێ کۆتایی ئەوی جاڕرز کردووە و نابێتەوە هاوشێوەی جەماوەر. ئەگەر رۆمانتیسم بۆ راکردن لە کۆمەڵگا روو لە سروشت و خەیاڵ و رویادەکا، سەمبۆلیسم حاشا لە تەواوی ژیان لەبەر هۆنەر دەکا و بۆ ژیان تەوجیهێک و هۆکارێک لە ناو خۆی هۆنەردا دیاری دەکا و جیهانی هۆنەر بە تاقانە قەرەبووکەرەوەی راستەقینە لەبەرابەر نائومێدییەکانی ژیان دادەنێ. شاری فەرهەنگ شاری ژیانی بەحەشتێکی دەسکردی زۆر بەرزترە لە ئەفسوونەکانی سروشت گەرایی، سروشت لە نێوخۆیدا شتێکی نالەبارە و ئەوە هۆنەرە کە یارمەتیمان دەدات جوانتری ببینین و بەرفراوانتر. برایانی " گۆنکۆوڕ" دوژمنایەتی سروشت دەکەن و دەڵێن کاتێک مرۆڤ لە کۆمەڵگا رادەکا ئیتر پەنا ناباتە بەر سروشت بەڵکوو دنیایەکی واوەتر و دەسکرد ساز دەکا. ئەم ڕەوتەساڵیانێکە لەزۆر وڵاتان هەیە وەکوو سۆفیگەرییەتی، هیپی گەرییەتی، دەروێشایەتی، پانکی گەرییەتی، کافەنشینی رۆشنبیری و ...

**هۆکارەکانی فەلسەفی**

وەکی دیتمان لە هەر دەورەیەکدا هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی دەگەڵ بیرۆکەکانی فەلسەفی لەپەیوەندێکی باشدان و لە تەکوین و چاکەسازی یەکتردا دەوردەگێڕن. لەم دەورەیەشدا هەروەتر، شۆپێینهاوڕ دەڵێ : " جیهان سەرەتا ئیرادەیە، لەپاشان تەنازوع و لە کۆتاییدا چارەڕەشییە" بە بۆچوونی شوپێنهاوڕ لە بن پەردەی هۆش ئیرادەی ماقووڵ و ناماقووڵ هەیە و عەقڵ وەکوو نۆکەرێکی بێئیرادەیە وایە لەبەردەست ئەودوانەدا، کاتێک ئێمە شتێکمان دەوێ بەمانای ئەوە نیە کە هۆکارێکمان بۆ هەبوونی ئەو دۆزیوەتەوە بەڵکوو چون ئەومان دەوێ، هۆکارێکی بۆدادەتاشین و دەمامکێک بۆ ویستەکانمان ساز دەکەین. لێرەیە کە رەشبینی شۆپێنهاوڕ دەس پێدەکا. هۆش تابعی مەیلە و ئیرادە مەیل دەباتە پێش و لە لایەکی دیکەش را ئەمیال بێکۆتاییە، کەوابوو مرۆڤ لە جەبری چارەڕەشی ئەمیالدا پێوەدەبێ و تەنیا مردن رزگاری دەکا.

**رەوانناسی بەشێک لە شاعیران و نووسەرانی شێوازی سەمبۆلیسم**

بۆدلێر، مالارمە، رامبۆ، هەناسە، سەردەمێکی منالی زۆرنالەبارییان

هەبووە و ئەوەش رەشبینی کردوون. رامبۆ زڕدایکێکی توند و تیژی هەبووە و سەرەنجام لە ماڵێ هەڵدێ، بوو بە بوونەوەرێکی کینەیی، بێکارە و شارڵاتان، زەعفی ئەعساب و یەکجار پڕمەترسی کە بۆ پارۆنانێک هەموو کارێکی دەکرد، تووشی نەخۆشییەکی عفوونی دێ و لاقی دەبڕنەوە و لە سی و حەوت ساڵەگی لەوپەڕی ژاندا دەمرێ، بەڵام هەر ئەو چەن بەرهەمەی ئاشکرای دەکا نابغەیە. مالارمە هەروەتر، جگە لە دنیای ئەدەبیات حازر نەبوو دەگەڵ هیچکەس و هیچشتێک پەیوەندی بگرێ، ئەویش لە ژێر ئەشکەنجە مرد، وەرلێن کە هێندەی رامبۆ خۆشدەویست کە ویستی بیکووژێ، ژن و منداڵی بە جێ دێڵێ و لە پیسترین کابارەی شار دوای ئەوەی شێت بوو دەمرێ، ئەوانە گرینگترین شاعیران و نووسەرانی سەمبۆلیسمن و دیارە چاوەڕوانی چ ئەدەبێک لەوانە دەکرێ. ترس، فشار، نائومێدی، رەشبینی، حەز بە مردن دەسکەوتی ئەو بابەتانەیە.

## تایبەتمەندییەکانی سەمبۆلیسم

ــ رەشبینی: دێکۆڕی مژاوی، نیوەتاریکی، مانگ، تەنیایی، ئیبهام، قەلا کۆن و ترسێنەرەکان، رادەست بوونی ماخولیا، شارە وێرانەکان، ئاوی گەنیوی راوەستاو، چرایەکی کز لە تاریکایی بەربلاودا، ئەو ئەشباحانەی لەسەر پەردەکان دەلەرێنەوە، دەسەلاتداری بێدەنگی، ئەو چاوانەی لە شوێنیکی نادیار راماوە و ... هەموو ئەو وینانە بوون کە لە نوسراوەکانی سەبمۆلیسمەکاندا دەدیترا.

ـ خەیاڵ و رۆیا: ئەگەر دنیا یەک رازە تەنیا رێگای رەخنە لەئەودا خەون و خەیاڵە، خەون و خەیاڵبلاوی کە پۆزیتویسم و رئالیسم دەیانەویست لە ئەدەبیات دووری کەنەوە سەرلە نوێ هاتەوە ناو دەقی ئەدەبیات. بە رای سەمبۆلیستەکان سروشت هیچ شتێکی نیە جگە لە خەیاڵێکی پڕ جم و جۆڵ کە لە رێگای هەستمانەوە هەستی پێدەکەین، ئەوان هەر لە دەروونی ئێمەدان و هەر خودی ئیمەن. لەم بوارەدا سەمبۆلیستەکان لە عیرفان نزیک دەبنەوە.

ـ رەسەنایەتی هەستەکان و ئیحساسات: بە حاشا لە راستەقینە ئەوە شتێکی ئاساییە کە بۆ دۆزینەوە هیچ شتێک بە ئەندازەی هەست بۆ شاعیر و نووسەر گرینگ نەبێ.

ـ کەڵک وەرگرتنی تایبەت لە زمان:

ـ بایەخی وشە: بودلێر دەڵێ لە وشەدا دیاردەیەکی پیرۆز هەیە کە بەرگری دەکا لە کایەی بە هەڵکەوت لە زمان. ورد بینی لە رەمز و رازی شاراوە لە وشەدا تا ئەو رادەیە بەلای سەمبۆلیستەکانەوە گرینگ

بوو کە تەواوی بایەخی نوسراوە بە ئەو بەشە گرێدەدراوە. تەنیا وشەیە کە بایەخی هەیە و شاعیران و نووسەران دەبێ بە تێکەڵاو کردنی وشەکان نوسراوەی سیحراوی بخولقێنن.

ـ مۆسیقا: سەرنجی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی وشەکان بۆ سەمبۆلیستەکان زۆر گرینگە، بەڵام هەمووی نیە، دۆزینەوەی حیس ئامێزی زاتی زمان، هاورەگەزی پیتە بێدەنگەکان و قافیە و چۆنییەتی لە کارکردنی سەوتەکان زۆر گرینگترە . پێیان وابوو ئەوە مۆسیقایە کە نوسراوەی سەمبۆلیستی بە تایبەتی شێعر لە وتاری ئاسایی جیا دەکاتەوە.

## میراتی سەمبۆلیستەکان بۆ شارستانییەت چ بوو؟

سەمبۆلیستەکان توانییان زەرفییەت و تواناییەکانی زمان بدۆزنەوە تا ئەو جێگایە کە سەمبۆلیستەکان بە جادووگەری وشەکان دەناسن. توانییان هاوشێوە بوونی دوو جیهانی جیاواز لە وشەدا بە یارمەتی سەمبول لە واتایەکی نوێدا بۆ راستەقینە لە کاربگرن کە ئێستاشی دەگەڵ بێ هەر کابوردی هەیە. سەمبول ماهییەتی وەی هەبوو ماکە لە بەرتەسکی دیتن و ئەزموون رزگار کا و پێگەیەکی سەرتری بۆ دیاری کا. توانییان گۆشە نیگایەکی نوێ بەسەر دنیادا بکەنەوە، توانییان هەستە تیژتێپەڕەکان کە ناتۆڕالیسم دەرفەتی هەناسەی پێنەدەدان زەوت کەن، توانییان هەل و مەرجی شاعیر و نووسەر تایبەتی تر و تاک کەسیتر بکەنو ...

سەمبۆلیسم بەو حاڵەش لە بیست و چوارساڵی زیاتر نەخایاند هەرچەند زۆری شت بۆ بە جێ هێشتووین بەڵام لە ساڵی ١٩١٠ کۆتایی پێهاتووە.





# چیرۆکی میوان

## «شلەی فسنجوون»

ئەمشەو شایی شۆڕشە؛ کوڕەمامەکەت.

قەرارە لە ئیسفەهانەوە بووکی بۆ بێت. لەوێ خوێندوویەتی و دەنکێکی دۆزیوەتەوە؛ فەرینا.

شەونم سەرقاڵی داخستنی دووگمەی قاتەکەی سۆرانە.

فەرینا بەحەق فەرینایە و جوانییەکەی کەم وێنەیە. ماوەیەکە بووەتە بنێشتەخۆشەی سەرزاری خزمان و گوڵەمەجلیسەی ماڵان.

سۆران قاتەتازەکەی لێدێ؛ بۆیەنباخەکەشی سێتە.

ڕەنگەکەی لە جلەمەجلیسییەکەی فەرینا ئەکاڵێتەوە؛ تۆپەگوڵێک و، گوڵوکەیەکی نەخشین.

دەرگای کومێدی جلەکان ئەکەمەوە: دەستێک شاڵی خورمایی، دەستێک شینکی، موراد خانی، سێ دەست رانک و چۆغە و ...

سۆران ئەچێتە بەر ئاوێنەگەورەکە:

ـ مامیی!

ـ گیانی مامی!

ـ ئازیتاش دێ؟

ئاوێنەگەورەکە ئامێز بۆ فەریناش ئەکاتەوە و هەردووکیان لە چێو ئەگرێت.

ـ ئەرێ ئەزیزەکەم، ئەزیتا و خالەگوڵاڵەش دێن.

دەست دەبەی دەستێک جل لە کومێدەکە دەردێنیت:

ـ شەونم! ئەم شاڵە شینکییانەت پێ چۆنە؟

دەسبەجێ ڕووی وەرئەگێڕێت:

ـ ئەیەڕۆۆۆۆ فەرراد!

هێشتا ماویەتی بە جوانی دە یەکەی کۆتایی فەرراد دابتاشێ کە سۆران وەرئەسووڕێ و ڕووخساری بە کۆشی دایکییەوە ئەنووسێنێت.

دەستم شل ئەبێ و شاڵەشینکییەکە ئەخەمەوە سەر جێگاکەی.

لەم یەک/دوو مانگەی ئەخیردا شەونم و فەرینا، دەم بەدەم جرینگەیان هاتووە؛ لەوانەیە شەوورۆژی دوو گیگ نێتیان هەڵوەراندبێت، چووزانم! ڕەنگە لەوەش پتریان بڕاندبێتەوە. ئەم پەیوەندییە چڕوپڕە بێ خێروبێریش نەبووە؛ پێرێ نیوەڕۆ کەشکی باینجانەڕەشەمان هەبوو و دوێشەویش، شلەی فسنجوون. ڕەنگە باوەڕ نەکەن بەڵام خودا شاهیدە زنجیرەدرامای جێمەکانمان لەبیر چووبۆوە. ڕاستی، قەتم نەبینیبوو سۆران قامکەکانی خۆی بلێسێتەوە، کەچی دوێشەو هەر ملچەی ئەهات!

ئەچیتە بەر ئاوێنەگەورەکە. قاتەڕەشە خەت دارەکە لە شەونم وەرئەگری و لە بەری ئەکەیت؛ فیکسی فیکس، بێ کەم و زیا.

بەدەورا خولێک ئەخۆی، یەکی دیش؛ پێناچێ خەیاتەکەی لە خاوەری دوور بووبێ و تۆ لێرە!

ئۆخژن ئەپژێتە ژوورەکەوە. بەندی پێی سۆران ئەپسێ و ئەکەوێتە تەرەلیلە. شەونمیش چاک ئەبووژێتەوە.

ئەمشەو شایی شۆڕشە؛ کوڕەمامەکەت.

قەرارە لە ئیسفەهانەوە وەوی بۆ بێت!

**ڕزگار لوتفی**

# «خۆشەویستی»

هەوا کش و مات و لێڵ و تاریک بوو ،شەو و بێدەنگی وڵاتی داگرتبوو،کێو و چیا و هەرد و دارستان ،لە گۆمی مەندی شەو دا نوقم ببوون و شەوەزەنگ باڵی بەسەر گوندەوە داکێشابوو. لوورەلووری سەگێک لە دوورەوە لە ناو دڵی ڕەشایی بێدەنگی دەپچڕاند. لە ماڵ هاتمە دەر و بەرەو دارستانی مەند و تاریکی دێ بەڕێکەوتم .هەروا کە بە سەر هەردی تەڕ و پڕئاونگ و خوناوەدا دەڕۆیشتم ،خەون و خولیایەک خەیاڵی داگرتبووم و بێ مەبەست و ئامانج و گێژوویڵ بەرەو پێش دەڕۆیشتم .بیرم لە دۆینێ شەو دەکردەوە کە لە گەڵ سۆنیا ،دەست لە دەستی یەک لە ناو دارستانی کڕوکپ دا پیاسەمان دەکرد و پەیمانی سێ ساڵەی عەشق و ئەوینمان تازە دەکردەوە و چیرۆکی عەشق و ئەوین و تاسەمان بە گۆی یەکتردا دەچرپاندوو و تەمی خەم و خەفەت لە ناو دڵمان دەڕەویەوە و جێگەی خۆی بە ئاوات و حەز و خۆشی دەدا و دووبارە لە ناخی دڵمان دا ئەوینێکی تازە سەری هەڵدەدا و گشت لەشمانی گەرم دادەهێنا و ژیان بۆ ئێمە بۆن و بەرامەیەکی نۆی دەنواند.

کاتێک کە لەو فکر و خەیاڵە ڕزگارم بوو دیتم کە لە دارستان دەرچووم و بەرەو چیای بەرز و قیت و قنج شەقاو هەڵدێنمەوە و ورکە بەردەکان لە ژێر پێم سووڕ دەخۆن و خۆ لا دەدەن و گیا و گژ لە ژێر پێم دا دەپلیشێنەوە .

دووبارە فکر و خەیاڵی دۆینێ شەو ڕووی تێکردم ،یانی ئەو شەوەی کە هەواڵی ڕۆیشتنم بۆ سەربازیم بە سۆنیا دا و بە چاوی پڕ لە گریانەوە پێم گوت :ئەی ئەویندارە خۆشەویستەکەم، ئەی سۆمای دووچاوانم ،تۆ هومێد و ئامانجی ژینی منی من بێ تۆ هیچم پووچم خاڵیم ،ژیان و ژینی من بە تۆوە بەستراوە ،تۆ ڕووناکی دەری ژیانی پڕ لە ناسۆر و پڕ تەمایی منی .تکات لێ دەکەم هەناسەکەم ،بە ڕۆیشتنی من گڕ و کڵپە و بڵێسەی ئەم عەشقە پاک و ئەفلاتوونیە لە ناو دڵت سارد و کوێر نەبێتەوە و بەڵێنیم پێ بدە هەروەک من بەڵێنیم پێدای ،تا ئاخرین ساتەکانی ژیانت ئەم ئەوین و عەشقە لە دڵ دەرنەکەی و چاوەڕێم بی.

لەو حاڵەتەدا سۆنیا خۆی بە باوشم داکرد و بە گریان و سۆز و ناڵەوە گوتی :چۆن شتی وادەڵێی ،هەموو ژیانی من تۆی ،تۆ هەموو ساتەکان و چرکەکانی ژیانی منت داگرتوووە

،سەیری هەر شتێک دەکەم وێنە و ڕووخساری تۆ دەبینم ، تو لە ناو دڵما ئاگرێکت کردۆتەوە کە گڕ و کڵپە و بڵێسەی بە هیچ شتێک خامۆش نابێ .

عەشقی تۆ هەموو جەستە و گیانمی داگرتووم و ژیانی من بێ تۆ ئەستم و دوشوارە و گیانەکەم بەڵێنیت پێ دەدەم عەشقی تۆ هەر نەک لەو دنیایە بەڵکوو لەو دنیایەی کەش لە دڵ دەر نەکەم.متمانەم پێ بکە و بزانە کە خۆشم دەوێ هەناسەکم .

**ڕەسووڵ ئاغاپوور**



# بەتامی چیرۆک

**قەڵاوڕیحانە:** کاتی خۆی هەباس‌خانی هۆرتەکەند جیبێکی کڕیبوو و شۆفیری بۆ گرتبوو. جیبەکەی هەباس‌خان بەرەو بۆکان دێ، لە هەورازەکەی هەوارەبەرزە لەپڕ ماشینێک بە تەنیشتیاندا دەخوشێ و لێی تێپەڕ دەبێ. هەباس‌خان لە شۆفیرەکەی دەخوڕێ و دەڵێ پێی پێوەنێ. لە دووڕەیانەکە ماشینی گۆڕین بەرەو سەتەکەی کۆرشی کەبیر هەڵدەگەڕێتەوە. هەباس‌خان بە شۆفیرەکەی دەڵێ بکەوە شوێنی! شۆفیر دەڵێ: خان! ئێمە دەچووین بۆ بۆکان! دەڵێ: وست بە گازی دەیە! کابرا گازی دەداتێ و دەم لەسەرپشت دەکەوێتە دووی. لە کەلی قەلەندەر دەگاتە سەری و وەپێشی دەکەوێ. هەباس‌خان هەناسەیەکی ئاسوودەگی هەڵدەکێشێ و دەڵێ: ئە ئاوای دایە دەگێم، جا ئەوجار بگەڕێوە!

**بەستەڵەک:** کاک محەممەدی خەزوورم سەری لەبن پێچوکڵاودا خڕ و چکۆلەیە و هەمیشەش تاشراو! ڕۆژێک ماڵە خەزووران میوانمان بوون. نەوەیەکی خەزوورمم دەدواند و نەزیلەم لێ دادێنا. لەم نێوەدا کوتم "ئەوە چییە تەپە خڕیلەی گیا وردەڵە؟!" نەیزانی و کوتم "سەر"ە. چونکە بۆخۆی کچۆڵەیەکی مووردرێژە بۆم قانع نەدەبوو کە بۆچی سەر دەبێتە تەپە خڕیلەی گیا وردەڵە! وەڕەزی کردم. خەزوورم فریام کەوت؛ پێچوکڵاوەکەی داگرت و کوتی: ئەوەتا ڕۆڵە؛ ئەوە تەپێکی خڕە و گیای وردی پێوەیە!

ماوەیەکی زۆر بە سەردا هات. شەوێک لە ماڵێکی پڕ میوان، هەمان کچۆڵە لەگەڵ ڕەفیقەکانی تێم هاڵابوون و نەزیلەیان دەویست. لەنێو نەزیلاندا هەمیسان کوتم: "ئەوە چییە تەپە خڕیلەی گیا وردەڵە؟!" ئەویش هەر دەمەولەجێ کوتی: سەری بابەحەمەد! تا ماوەیەکی چاک فلْقوهۆڕی میوانان درێژەی کێشا!

**سابیر:** هاوینی ئەوساڵ بێکاری زۆری فشار بۆ هێنام، لە ناحیلاجیان بوومە بەستنیفرۆش.

لە مەرز پیرەعەجەمێکم لێ پەیدا بوو، زۆر شۆخیباز و زمانشڕ بوو. بە حاڵەتی فشە زۆری جنێو دان. دوو سێ هاوڕێی کوردی لەگەڵ بوون. ئەمنیش بەستەنیم بۆ تێ کرد و دامە دەستی و کوتم: خۆ زۆرت جنێو دان، ها ئەوەی بگرە و بیلێسەوە! خودا وەتحەسێنێ کوردەکانی هاوڕێی هێندەی پێ پێکەنین پیرەعەجەم وەک ڕادیۆ کوژاوە.

**کامران نەبیزادە:** کاک ڕەحیم لە دەستی ئەو پووڵە زۆرەی قەبزی ئاو، هاواری لێ هەستابوو. دوو سێ جاریش کارناسی لە ئیدارەی ئاوڕا هێنابوو کە بەڵێ ئیمە پێوەری ئاوەکەمان دروست نییە، دەنا ئیمە زۆر دەست بە ئاوێوە دەگرێن و هێچ خەساری ناکەین. پێیان کوتبوو لە پێوەردا هیچ کێشەیەک نییە، لولەکێشێک بەرە بزانە لە ژوریدا لوولە نەشکاوە.

لوولەکێش کە من دەیناسم چەندە قسەخۆش و قوشمەیە، دەچێ و چاو لێ دەکا لە هیچ جێگایەک لوولە نەشکاوە، پێی دەڵێ: کاک ڕەحیم، تەنیا یەک ڕێگای هەیە، ئەویش ئەوەیە ئاودەستەکەی ژووری تێک دەی و لە دەرێ ئاودەستێکی دیکە درووست کەی.

کاک ڕەحیم توورە دەبێ و دەڵێ چی بە سەر چێوەیە!

لوولەکێش دەڵێ ماڵت نەشێوێ، کابرا لەو ئاودەستەی ماڵێ تۆدا مەجبوورە هەر چووە ژووری بۆوەی کەس دەنگی تڕەکەی نەبیسی، ئاوەکەی بەرداتەوە تا دێتە دەرێ.

سەرچاوەی ستوونی "**بەتامی چیرۆک**": کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"

